





لەڕاستیدا من یەک خۆشەویستم هەیە، ئەویش خۆشەویستی وڵاتەکەمە

ئەحمەد تۆفیق

# یادێک لە تێکۆشەری ڕۆژگارە سەختەکانی خەبات

# شەهید عەبدوڵای ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:


– کورتە لێدوانێکی ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە. سەبارەت بە "ئەحمەد تۆفیق".... دیمانە: مادح ئەحمەدی .... ٣

– کورتە ژیاننامە: شەهید عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق)............... ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی ..... ٥

– ئەحمەد تۆفیق بەڕێوبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان چۆن کوژرا................ حەمێد گەوهەری ..... ١٣

– لە سەر ئەحمەد تۆفیق (سەید عەبدوڵای ئیسحاقی).............................. خالید حەسەنپوور ..... ١٧

– عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) کێ بوو!؟ لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی چی بوون!؟.. شەریف هەژاری .. ٣١

– تێکۆشەری ڕۆژگارە سەختەکان کاک عەبدوڵای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق.... مەلا ڕەسووڵ پێشنماز ... ٤١

– هەڵبژاردریەک لە نووسراوەی مەلا معەممەد خزری لە جووڵانەوە ٤٦ – ٤٧ لەسەر ئەحمەد تۆفیق............. ٤٨




## کورتە لێدوانێکی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە. سەبارەت بە "ئەحمەد تۆفیق"



**مادح ئەحمەدی**: هۆی ئەوەی لە مێژووی حیزبدا باسی ئەحمەد تۆفیق ناکرێ دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەسەر کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) شتی زۆر گوتراوە. شتی زۆر ناتەبا لەگەڵ یەکتر گوتراوە. لە پێش دا دەمەوێ لەسەر سکرتێری یەکەی قسە بکەم. هەموو کەس پێیان وایە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بووە. ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب نەبوو.

**مادح ئەحمەدی**: چۆن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوو کەس لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر نەبوون. پێشەوا قازی محەممەد و ئەحمەد تۆفیق. پێشەوا، پێشەوا بوو. زۆر کەس پێیان وایە، بۆیە بە قازی محەممەد دەڵێن «پێشەوا» چونکە سەرکۆمار بووە، بەڵام قازی محەممەد هەر پێشەوای حیزب بوو و بە پێشەوایی بوو بە سەرکۆماری کوردستان. پێشتر پێشەوا بوو قەتی پێ نەگوترابوو «سکرتێر». عادەتە بە ڕێبەرانی حیزب لە جێگایەکدا دەڵێن«بەرپرس» لە جێی دیکە «سکرتێر» یان «لیدێر» و...دەڵێن. پێشەوا قەت پێی نەگوتراوە سکرتێر. لە مەسەلەی ئەحمەد تۆفیقیش دا هەیئەتێک هەبوو کە پێیان دەگوت «هەیئەتی سکرتاریا»، کەسی یەکەمی ئەو هەیئەتە ئەحمەد تۆفیق بوو. ئەو مۆرەی کە هەیانبوو، لەلای ئەحمەد تۆفیق بوو، کەوابێ وەکوو ڕۆڵ، ڕۆڵی سکرتێری گێڕاوە، بەڵام ئەو ناوەی (سکرتێر) پێ نەگوتراوە و دواتر بۆیان

داناوە. ئەمن هاوچەرخی ئەحمەد تۆفیق بووم. ئەحمەد تۆفیق هەمەکارەی حیزب بوو، بەڵام قەتم ناوی وەکوو سکرتێری حیزب نەبیستوە. بەرپرسی هەیئەتی سکرتاریای حیزب بوو.

**مادح ئەحمەدی**: باشە لانی کەم خۆ کەسی یەکەمی حیزب بووە؟ بۆ باسی ناکرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەو بارەیەوە هیچ گومانم نیە، وایە. کە لە مێژووی حیزبدا بەو شێوەیە باسی لێ نەکراوە، هۆی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەمن بە کورتی لە کتێبی «نیو سەدە تێکۆشان»دا باسم کردوە، ئەحمەد تۆفیق کاتی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، کەسێک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، لە بۆنەکان دا یادی ناکرێتەوە. نموونەی دیکەمان لە حیزبەکانی دیکەش دا هەیە، بەڵام نامەوێ ئاماژە بە هیچ حیزبێکی دیکە بکەم. ئەوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخی بە ئەحمەد تۆفیق داوە، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ئەوەندەی بایەخ بۆ ئەو جۆرە کەسانە دانەناوە. بەڵام ئەگەر یەکێک تەفسیر و لێکدانەوە دەکا، مێژوو دەنووسێتەوە، مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی لە «ئەحمەد تۆفیق» بکۆڵێتەوە. لە کەسایەتی و ئەو ڕۆڵەی کە گێڕاویە، لە هەڵەکانی، لە خاڵە باش و خراپەکانی بکۆڵێتەوە. هەر وەک بۆ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید و کەسانی دیکە کە شەهید بوون یان کەسانی دیکە کە ماون، ئەگەر لە کەسایەتی یان دەکۆڵینەوە و هەڵیاندەسەنگێنین، هەق وایە باسی هەموو شتێک بکرێ. بەڵام ئیدی ناکرێ بڵێین کاتێ کە باسی ڕێبەرانی شەهیدمان دەکەین ئێمە بڵێین: قازی محەممەد، ئەحمەد تۆفیق، قاسملوو، شەرەفکەندی. چونکە ئەحمەد تۆفیق کاتێک شەهید بووە (ئەمن لە قووڵایی ویژدانمەوە بە شەهیدی ناو دەبەم) نەتەنیا سکرتێر، ڕێبەر، کەسی یەکەم، تەنانەت ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەبووە. ئێستە ئەوە باسێکی دیکەیە، با بێن و لێی بکۆڵنەوە. باسی ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانەش ناکەم کە لەم پێوەندی یەدا دەخرێتە پاڵ دوکتۆر قاسملوو. زۆر جار زێدەڕەوی لە وەسفی دوکتور قاسملوودا دەکرێ، ئەمن لەگەڵ ئەوانە نیم، بەڵام بەو حاڵەش هێندێ لایەن لە کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو هێشتا نەناسراوە. دوکتۆر قاسملوو بەخۆی بایە تەنانەت دژی کوشتنی پاسدارێک بوو، هەتا دەگا بەوەی لەگەڵ کوژرانی یەکێک لە ڕێبەرانی حیزب بێ.

## کورتە ژیاننامە:

### شەهید عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) کەسایەتی یەکەمی کۆنگرەی دووهەمی




**ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

ئەحمەد تۆفیق، ناوە ڕاستەقینەکەی عەبدوڵڵا یە، کوڕی سەید حەمەدمینی ئیسحاقی یە. لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣١ی زایینی لە گەڕەکی هەرمەنیانی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئەو سێ برا و دوو خوشکی هەبوو، کە بەپێی تەمەنیان بریتی بوون لە: محەممەد، حوسێن، خودی عەبدوڵڵا، مستەفا، سەیزادە خونچە و سەیزادە کەلسوم. دایکی لە مەنگوڕەکانی مەهاباد بوو. باوکی ماوەیەک لە مەهاباد کاری قەسابی دەکرد و پاشتر بە کاری چێوداریی‌یەوە خەریک و لەو ڕێگەیەوە بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد.

ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٨دا لە خوێندنگەی سەرەتایی پەهلەوی لە مەهاباد خرایەبەر خوێندن. پتر لە ساڵێکی نەبرد کە هەلومەرجی جیهان و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی توند ڕۆیی. هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان و بەهێزبوونی خێرای پێوەندییەکانی ئێرانی شاهەنشاهی و ئەڵمانیای نازیی و زیادبوونی فشاری ڕێژیمی ڕەزاشا لە نێوخۆی وڵات، تا دەهات دۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکەی ئاڵۆزتر دەکرد. بەتایبەت پەلامار و داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی شورەوی و بریتانیاوە لە ٢٥ی ئابی (ئاگوستی) ١٩٤١دا، کە ئاکامەکانی بە ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاشا و لەبەریەک هەڵوەشاندنی لەشکری شاهەنشاهی کۆتایی هات. بەوەش ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە هەلومەرجی گشتیی ئێران

و تایبەتی کوردستان و هەرێمی موکریان دەستپێکرد.

ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤١ - ١٩٤٦ی زایینی شاری مەهاباد، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لاوانی ئەو شارە بەگشتی و لەسەر ڕۆحییەت و کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق بەتایبەتی هەبوو. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نیزامی لەو شارە، دەست پێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی، بووژاندنەوەی هۆشی نەتەوایەتی، دامەزراندن و تێکۆشانی چەند ڕێکخراوی ئازادیخوازانە و ناسیۆنالیستی کوردیی، وەک "حیزبی ئازادیی کوردستان" و "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژ - ک.) و پاشتر "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و پەرەسەندنی شەپۆلی خەباتی نەتەوایەتی کورد لەپێناوی وەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکاندا، هەلومەرجێکی تایبەتی لە مەهاباد هێنابووە ئارا. ئەو هەلومەرجە بەخێرایی لاوانی خوێنگەرمی مەهابادی بۆ کۆڕی بەشداری و تێکۆشان ڕادەکێشا.

ئەحمەد کە ئەو کات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو، بەزوویی تێکەڵاوی چالاکییە خوێندکارییەکانی لاوانی مەهاباد بوو. بەتایبەتی لەدوای دامەزراندنی "سازمانی جەوانانی کورد"، لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی "دەبیرستانی پەهلەوی"وەک: غەنی بلوریان، عەلی مەولەوی، سەدیقی سیاسەری... هتد، لە نێوەڕاستی شوباتی (فیۆرییەی) ساڵی ١٩٤٢دا. ئەو ڕێکخراوە یانەیەکیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو، خەریکی چالاکیی ڕۆشنبیریی و کۆڕی شیعرخوێندنەوە بوون و لەپاش دامەزراندنی کۆمەڵی ژ - ک. لە ١٦ی ئابی (ئاگۆستی) زایینی ١٩٤٢دا، بوونە بەشێک لە "ڕێکخراوی لاوانی ژ. ک. و پاشتریش "یکخراوی لاوانی دێموکرات" .

پاش ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ - ک) بە مەبەستی فێرکردنی منداڵانی کورد بە نووسین و خوێندنەوەی زمانی زگماکیان و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی، هەستا بە دامەزراندنی دوو خوێندنگەی شەوانە لە شاری مەهاباد، یەکێکیان بە ناوی "گەلاوێژ" و ئەوی دیکەیان بە ناوی "ئازادی". ئەحمەد خۆی لە خوێندنگەی گەلاوێژ ناونووس کرد و شەوانە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی ڕووی لەو خوێندنگەیە دەکرد کە لە گەڕەکی "قوڵە قەبران"ی شاری مەهاباد و سەرەتا لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی و پاشتریش بۆ ماڵی سەید عەبدوڵڵای تەهازادە گوێزرایەوە. ئەو خوێندنگەیە لەلایەن مەلا عەبدوڵڵای داودی کە ناسراوە بە "مەلای حەجۆکی" و بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵەی ژ - ک. ی شاری مەهاباد بوو دەبرابەڕێوە. لەڕاستیدا ئەو خوێندنگەیە جگە لە فێربوونی زمانی کوردی، شوێنی خوێندنەوەی شیعر و وتاری حەماسی نەتەوەیی بوو و لەڕووی پەروەردەییەوە نەخشی لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی خوێندکارانیدا هەبوو.

پێویستە بگوترێت وێڕای ئەو نائارامییەی کە لەدوای داگیرکردنی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا سەربازییەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی سەراسەری وڵاتی تێوەگلابوو، شاری مەهاباد بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی نموونەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

ئاسایش و ئارامی بوو. بەشێکی ئەو ئارامییە بەهۆی هەڵوێستی دڵسۆزی گەورەپیاوانی شارەوە بوو. ئەوانەی لە ترسی پەلاماری تاڵانخوازی عەشیرەتە چەکدارەکانی دەوروبەری شار، وەک بەشێک لە پاشماوەکانی ڕۆژانی کێشەی "کۆچەر و نیشتەجێکان" هەڵسان بە پێکهێنانی دەستەی چەکداری کێشکچی کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شەو و ڕۆژی شاریان گرتەئەستۆ و ئامادە بوون بەرپەرچی هەر پێشهاتێکی لەناکاو بدەنەوە، هێمنی شارەکە تێکبدات. ئەم هەوڵانەش لەژێر چاودێریی و ڕێنیشاندەری کەسایەتیی ڕێزدار و دڵسۆزی شار، محەممەدی قازی، کە دواتر بە پێشەوا قازی محەممەد، ناوبانگی دەرکرد، دەچوو بەڕێوە.

شایەنی باسە، ئەحمەد وەک لاوێکی خوێنگەرم و ئەندامێکی سازمانی جەوانان بەپەرۆشەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەو و ڕۆژ بەنێو کۆڵان و شەقامەکانی نێو شاردا دەسووڕان و وەک پاسەوانێکی هەمیشەئامادە ڕۆڵیان لە ئارامی شاردا دەبینی. بۆ ئەو مەبەستەش سازمانی جەوانان تفەنگێکیان بە ئەحمەد بەخشیبوو کە دەگونجێت ئەوە یەکەمین دەرفەت و ئەزموون بێت بۆ ئەحمەد لەگەڵ چەک و کاری چەکدارییدا.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوەدی و پێی خستە قۆناغێکی گرنگ و نوێی مێژوویییەوە، بە چەشنێک زەمینەی گونجاوی بۆ ڕەخسا کە دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتەدەست. ئەویش بە دامەزراندنی 'جەمهوریەتی کوردستان' بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد، کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو، لە ٢٢ی کانونی دووەمی (جانێوێری)ی ١٩٤٦دا. لەڕاستیدا ئەو ئەزموونە نەک هەر مۆرێکی قووڵی لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر ڕۆحییەتی لاوانی ئەودەمی کوردستان بەگشتی و شاری مەهاباد بەتایبەتی هەبوو. ئەو ڕۆحییەتەی کە بە داگیرکردنەوەی مەهاباد لەلایەن لەشکری شاهەنشاهی و لەسێدارە دانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباددا و ڕووخاندنی کۆمارە ساواکە تووشی شۆک و هوروژانێکی توند هات.

**دانا ئادەمز شمدت، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی، لەو بارەیەوە سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق نووسیویە؛** "ئەحمەد لاو بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٤٧دا هەڵواسینی تەرمی قازی محەممەد و خزمەکانی لە مەیدانی شارەکەدا دیتبوو، ئەو دیمەنە بە شێوەیەکی وا تەزاندبووی کە بەدرێژایی تەمەنی لەبەرچاوی ون نەدەبوو. قازی محەممەد پاڵەوانی ئەو بوو، کاری ئەو لەو کاتەدا گەیاندنی نامە بوو بۆ سەرۆککۆمار، زۆر شانازیشی بەوەوە دەکرد کە دوو جار لەلایەن سەرۆککۆمارەوە ستایش کراوە. جارێکیان بەهۆی ئەوەی کە نەیهێشتووە کابرایەکی نەناسراوی بێ پێناس بچێتە نێو بارەگای حیزب و ئەوی دیکەشی بەهۆی هاوکاریکردنی لە دانان و دیزاینی ئارمی نیشتمانی کوردی دا".

هەر لێرەدا ڕاستییەک هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بنەماڵەی ئیسحاقی بۆ کوردایەتی قوربانیدەر بوون، سەید محەممەدی ئیسحاقی، برا گەورەی ئەحمەد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. و دۆست و هاوڕێی حوسێنی فروهەر، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵە، بوو. سەید محەممەد لە دەورانی جەمهوری کوردستاندا ئەفسەری سوپای دێموکراتی کوردستان و سەرکردەیی ستادی میاندواوی لە ئەستۆدا بوو. پاش ڕووخاندنی حکومەتی کوردستان و شاڵاوی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی شاهەنشاهی، سەید محەممەدیش وەبەر ئەو پەلامارە کەوت و پێنج ساڵ زیندانی و دوو ساڵ دوورخستنەوەی پێبڕا. پاش ئازادبوونی دووبارە کەوتەوە بەر ڕاوەدوونانی هێزە ڕێژیم، هەربۆیە چەند ساڵ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی خۆی شاردبووەوە تا دواتر لە پەلامارەکانی ساڵی ١٩٥٩زایینی دا لەگەڵ سەید حوسێنی برای و سەید ڕەحمانی برازای ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی ساواک کران. سەید محەممەد حەوت ساڵی دیکە لە زیندان ڕاگیرا و بەهۆی ئەشکەنجە و لێدانەوە پێیەکانی فەلەج بوون، پاش دەرکردنی لە زیندان شەش ساڵی دیکە دوورخرایەوە تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٧٨ زایینی دا بەدەم ئازار و نەخۆشییەوە گیانی سپارد.

هەروەها سەید مستەفا ئیسحاقی، برابچوکی ئەحمەد، لەژێر کاریگەری و بە ڕێنمایی ئەحمەدی برای لەگەڵ چەند خوێندکاری دیکەی زانکۆی تاراندا وەک: عەزیز ژیان، حەسەن باباتاهیری، ئەمیر قازی، حەمەدمینی سیراجی، فاتیحی شێخولئیسلامی و سەلاحودینی موهتەدی 'کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد'یان دامەزراند؛ ئەو کۆمەڵەیەی ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە کۆکردنەوەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە دەوری خۆی و پەروەردەکردنیان بە گیان و شێوەیەکی کوردانە جگە لەو هاوکاری و پشتگیرییەی کە کۆمەڵەی ناوبراو بە قازانجی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان پێشکەشی دەکرد، مەسەلەیەکی وا کە پاشتر لە بارەیەوە دەدوێین. هەربۆیە سەید مستەفا و هاوڕێیانی کەوتنەبەر پەلاماری دەزگای سازمانی ئەمنیەت و لە ساڵی ١٩٦١دا ڕاپێچی زیندانی قزل قلعە لە تاران کران.

* پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی (سپتامبری) ساڵی ١٩٦١ بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و پەیوەستبوونی ئەحمەد تۆفیق بەو شۆڕشە، نابراو داوای لە خزمانی کرد بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش خۆ بگەیێننە باشووری کوردستان. ئەوە بوو سەید حەسەنی کوڕی سەید حوسێنی برای و دوو خوشکەزای دیکەی بە ناوەکانی مەلاغەفور و حەسەن ئیبراهیمی بۆ پێشمەرگایەتی ڕوویان لە باشووری کوردستان کرد.

* لێرەدا دەتوانرێت ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی کە کۆمیتەی مەهابادی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتدا لە ١ی ئایاری (مای) ١٩٥١دا و لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئەنجامیاندا، بە یەکەمین خۆپیشاندانی سیاسیی و جەماوەریی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لەقەڵەم بدرێت لەدوای ڕووخاندنی کۆمارەوە. شایەنی باسە، ئەحمەد تۆفیق چ لە ئامادەکردن و چ لە ڕێبەرایەتیکردنی خۆپیشاندانەکە کە زیاتر لە سێ هەزار لاوی

شاری مەهاباد بوون، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. ناوبراو بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندانەکە سەرەتا لەگەڵ غەنی بلوریان چوونە لای سەرگورد پەنبە بەگوش، سەرۆکی شارەوانی، و دواتریش لەگەڵ عەزیزی حیسامی چووبوونە لای فەرماندەی تیپی مەهاباد، سرهنگ وەفا و توانیبوویان چاوپۆشی لێپرسراوان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە مسۆگەر بکەن. پاش ئەوەی خۆپیشاندان دەستیپێکرد، ئەحمەد تۆفیق لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوو؛ ئەو خۆپیشاندانەی کە بەبێ گیروگرفت کۆتایی هات.

* کاتێکیش مەسەلەی ریفراندۆم سەبارەت بە هێشتنەوە یاخود هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شازدە لە سەرەتای ئابی (ئاگوستی) ١٩٥٣دا لە ئێراندا هاتەگۆڕێ، حیزبی تودە و شاخەکەی لە کوردستان بڕیاریاندا هانی خەڵک بدەن بە قازانجی موسەدیق بە (بەڵێ) بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس دەنگ بدەن. شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق یەکێک لەو کەسانە بوو کە حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد دا دەستنیشانی کردبوون تا کۆبوونەوە بە خەڵکی شار بکەن و دەربارەی ریفراندۆم پێویستی دەنگدان بە بەڵێ لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس بۆ خەڵک قسان بکەن. ئەحمەد لە ڕۆژی ریفراندۆم دا و لە نێزیک سندوقی دەنگدان و لەبەر مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد خەڵکێکی زۆری کۆکردبۆوە و هانی دەدان لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شاپەرستەکان دەنگ بدەن. دیارە زۆرینەی دەنگەکانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس و بە قازانجی موسەدیق کۆتایی هات.

* هەروەها بە لێپرسراوێتی ئەحمەد تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە مەبەستی بەشداریکردنی لاوانی سەرتاسەری ئێران و پێشوازیکردن لە فێستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان، لاوان و خوێنکارانی شاری مەهاباد لە ٦ی حوزەیرانی (جوونی) ١٩٥٣دا لە باخی میکایل دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد. سەرتیپ زەنگەنە، فەرماندەی تیپی مەهاباد، بە بیستنی ئەو هەواڵە هێزێک بە ڕابەری سەرگورد رادپور دەنێرێتەسەر ئاهەنگگێڕەکان. هێزەکە بە گەیشتنی بۆنێو باخی میکایل پەلاماری لاوان دەدات و ڕەهێڵەی گوللە بە ناویاندا دەکات. سەرئەنجام لاوێک بە ناوی حەسەنی ڕەمەزانی دەکوژرێت و ژمارەیەکی دیکەشیان لێ بریندار دەکرێن و هێندێکیشیان لێ دەگیرێن.

* سەبارەت بە بڕیاری سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتیش، ڕێبەرایەتیی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا لە تاران کۆبوونەوە و بەگشتی بڕیاریاندا پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنن و نامەیەکی ڕەخنەئامێزیش سەبارەت بە بێهەڵوێستی حیزبی تودە لەمەڕ کودەتای ١٩ی ئاب (ئاگوست)ی بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شووەروی لێ ئاگادار بکەنەوە؛ ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە ناوچەی لاجان و لە مایسی ١٩٥٥دا جەختی لەسەر کرایەوە و هەنگاوی بۆ نرا.



سەرچاوە
Serchawe

ئەحمەد تۆفیق کە ئەوکات بە نهێنی لە شاری سنە و لە ماڵی عوبێدی خالقی کاری حیزبی دەکرد، پاش مەترسیی ئاشکرابوونی، بە بڕیاری حیزبی گەڕایەوە مەهاباد و ئەرکی بەڕێوە بردنی کۆمیتەی مەهابادی پێسپێردرا. ناوبراو وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزب بەتوندی پشتگیریی لە سەربەخۆیی حیزب و گەڕانەوە بۆسەر خەتی ڕەسەنی نەتەوایەتیی دەکرد لە بەرامبەر ئەندامە تودەکرات و کۆسمۆپۆلیتییەکاندا.

* لەڕاستیدا، دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم و ژیانێکی پڕ هەوراز و نشێودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسایەی ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق، دووەمین کۆنگرەی خۆی لە ١٩ی تشرینی دووەمی (نۆڤەمبەری) ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی سونێ‌ی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق، لە کەشوهەوایەکی سارد و لەژێر سێ دەواری گەورە کە بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوا قازی محەممەد و ڕابەرانی دیکەی ڕێگای کوردایەتی ڕازێنرابوّوە، دەستپێکرد.لەم کۆنگرەیەدا ئەحمەد توفیق وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا.

* ئەحمەد تۆفیق کە لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢دا لەلایەن پیاوانی ئەمنی عێراقەوە گیرا، نزیکەی هەشت مانگ لە زیندانی "ئەبو غرێب" لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا هێشتیانەوە. ئەو جگە لە تاهیری گاردی، کەسی دیکەی لەگەڵدا نەبوو.

**تاهیر درێژەی ئەو لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانەی لە وتووێژێکدا باسکردووە و دەڵێت:** "لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢ میتر لە ٢ میتردا بوون... لە دیوەکەی چاویان کە کردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شین و ڕەش ببۆوە. ئەحمەد زۆر لە من خراپتر بوو. پرسیم کە بۆ وا ناڕەحەتی و نەفەست نایە؟ گوتی یەک نەفەر لەسەر سینگم دانیشتووە، قورسایی ئەو کە نازانم ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێک کەمتر کاک ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بوو و خێرا خێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی دەهات... لێم پرسی چییان لێکردی، گوتی: کوشتیانم! هەرچی ئەمن لەگەڵ خۆم لە بەغدا کردوومە ئەویان لێ پرسیوم! گوتیان تۆ هاوکاری مەلا مستەفات کردووە. گوتم: نەمکردووە، پێشتر کردوومە و دەبێ بیکەم و من پەناهەندەی سیاسییم و وەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەک دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتار و هیتلەریش نەیکردووە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە".

تاهیر لە وتووێژە کەیدا بەدرێژی باس لە ئەشکەنجەدانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات کە چۆن نینۆکەکانی قاچیان دەرهێناون، دواتر دێتەسەر چوونی سەعدون غێدان و عبدالخاق سامەڕایی بۆلای ئەحمەد تۆفیق، چۆن داوای ئەوەیان لە ئەحمەد کردووە گەر وتار دژی مەلا مستەفا بنووسێت ئازادی دەکەن. تاهیر دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئێستاش بڵێن



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر شای بنووسە. هیچیشم نەدەنێ دەینووسم، بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلا مستەفا ئەوەی داوای لێدەکەم نایینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە! ئەوانەی ئەهلی کەیفن، ئەوانەی دەتوانن،

ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردووە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کە لەسەر ئەوان بمرم خیانەتیان پێ ناکەم... ئەمن چەندەی لەو زیندانەیدا بم ئیحترامم دەمێنی بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەکی بۆ ئێوە بنووسم دەبم بە پووشی بەر ڕۆژێ. ئەوەندەو کار بە منە تا مەقالەکەی دەنووسم و ئیمزای دەکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەرێ و لە دنیاش ئابڕووم نامێنێ. لێرەدا دەبم و ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بە قسەتان دەکەم، بەڵام بە دژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سوریە و ئێرانیش نە بە عەمەل و قسە هیچ شتێک ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەک ژینی خوێڕیانە و سەرشۆڕی. بۆ ماڵی دنیا و تەمەن و نان، شەرەف و عیزەتی ئینسانی و کوردی لەژێر پێ نانێم".

سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، تاهیر دەڵێت: "سێ، چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێک پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاک ئەحمەد، چۆنی؟ چییان لێ پرسی؟ گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم ئیمزا کردووە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ سەفحەیە. بۆخۆم خوێندوومەتەوە. بەو پەروەندەیەی کە لە دادگایە بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییکەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: موتەهەم بە چی کراوی؟ گوتی: کۆمەک بە مەلا مستەفا بارزانی و هێنانی خەبەرنیگاری خەبەرگوزاری ڕۆیتێرز، دانا ئادام ئیشمیت، و خیانەت بە عێراق و گوتی هەرچی کردوومە و گوتوومە بە بەعسییەکان گەیشتۆتەوە... دواتر کاک ئەحمەد هیچی نەدەخوارد، ئەوە هەشتەم مانگە و کاک ئەحمەد سەروبەندی گیاندەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیر وەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاک چاک بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ. جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست، دەستم لە لاقی دا سارد و عاددی بوو، گوتی: ماڵتە، ئەو دەرکەیەی لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژوورێ!! گوتم کاکە، ئەوە تۆ قسان دەپڕوکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەرێ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەر وایە لاقت وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە. لاقم بۆ درێژ کرد و گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پێ نەچوو، چاوەکانی وێک نان و هەناسەی نەما و شەهید بوو. هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێنا و لەسەر پەتووەکەم دانا و ملم نا لە گریان، یەک بە خۆم بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ١٩٧٣ی زاییینی بوو... تەرمی کاک ئەحمەدیان برد و نازانم چی بەسەر هات و چیان لێکرد".

ئەحمەد تۆفیق چون بە ڕەبەنی مابۆوە و ژنی نەهێنابوو، پاش مەرگی کەسی لەپاش بەجێ نەما، لە ژیانیدا زۆر کەس پێیان خۆش بوو خزمایەتی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەحمەد بڕیاری هاوسەرگیری هەمیشەیی لەگەڵ وڵاتەکەی دابوو، وەک شمیدت دەڵێت: "ئەو باسی ئەو کچانەی دەکرد لە پراگ چاوی پێیان کەوتبوو و گوتی:

* لەڕاستیدا من یەک خۆشەویستم هەیە، ئەویش خۆشەویستی وڵاتەکەمە".

**ئەم کورتە ژیننامەیە لە: ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق (١٩٣١ - ١٩٧٣)**

**لە نووسینی د. یاسین سەردەشتی وەرگێراوە**

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد تۆفیق بەڕێوبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان چۆن کوژرا[1]



**حەمێد گەوهەری**

ڕژێمی بەعس، نزیکەی هەشت مانگ ئەحمەد تۆفیقی لە زینداندا ڕاگرت و ویستی بە دژی مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول بەکاری بێنێت کە نەیتوانی. لە ئاکامدا بە ئەشکەنجە لەپێی خست و دوای هەشت مانگ، ئەحمەد تۆفیق لە دووەم مانگی بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا لەژێر ئەشکەنجە گیانیدا. لەو بارەیەوە تاهیر مەلا حەسەن ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لە زینداندا بوو لە وتووێژێکیدا بە درێژی باس لە ئەشکەنجە دانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات و دەڵێت:

- لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢ میتر لە ٢ میتردا بوون... لە دیوەکە، چاویان کە دەکردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شین و ڕەش ببۆوە... ئەحمەد زۆر لەمن خراپتر بوو. پرسیم بۆ وا نارەحەتی و نەفەست نایە؟ گوتی: کەسێک لەسەر سینگم دانیشتووە و قورسایی ئەو کە نازانم

ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێک کەمتر کاک ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بوو، و خێرا خێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی هات... لێم پرسی چییان لێکردی؟ گوتی: کوشتیانم! هەرچی ئەمن لە بەغدا کردومە ئەویان لێ پرسیوم! گوتیان تۆ هاوکاری مەلا مستەفات کردوە، گوتم: نەمکردوە، پێشتر کردومە و دەبێ بیکەم و من پەناهەندەی سیاسیم و وەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەک دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتار و هیتلێریش نەیانکردوە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە.(٢)

**تاهیر لە درێژەی وتووێژەکەیدا باس لە چۆنیەتی دەرهێنانی نینۆکەکانی قاچیان دەکات و دەڵێت؛** "سەعدون غیدان(٣) و عەبدولخالق سامەڕایی(٤)" چاویان بە ئەحمەد تۆفیق کەوتووە و داوایان لێکردوە: گەر وتارێک بە دژی مەلا مستەفا بنوسێت، لە زیندان ئازادی دەکەن، ناوبراو دەڵێت:

- ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئێستاش بڵێن لەسەر شا بنووسە، هیچیشم نەدەنێ دەینووسم بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلا مستەفا ئەوەی داوام لێدەکەن نایینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە! ئەوانەی ئەهلی کەیفن دەتوانن، ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردوە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کە لەسەر ئەوان بمرم و خەیانەتیان پێ نەکەم... ئەمن چەندە لەو زیندانەدا بم ئیحترامم دەمێنێ، بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەک بۆ ئێوە بنووسم، دەبم بە پووشی بەر ڕۆژێ. ئەوەندە کە کارتان بەمنە تا مەقالەکە بۆ ئێوە بنووسم و ئیمزای بکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەرێ و لە دنیادا ئابرووم نامێنێ. لێرە دەبم و ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بە قسەتان دەکەم، بەڵام بە دژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سوریا و ئێران نە بەعەمەل و قسە هیچ شتێک ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەک ژینی خوێڕیانە و سەرشۆڕی. بۆ ماڵی دنیا و تەمەن و نان، شەرەف و غیرەتی ئینسانی کورد لەژێر پێ نانێم.)

**تاهیر لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، دەڵێت:** (سێ چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێک پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاک ئەحمەد چۆنی؟ چیان لێ پرسی؟ گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم "لاپەڕەکانم" ئیمزا کردوە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ لاپەڕە. بۆخۆم خوێندومەتەوە... بەو پەروەندەیەی کە لە دادگا بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییکەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: موتەهەم بەچی کراوی؟ گوتی: کۆمەک بە مەلا مستەفا بارزانی و هێنانی خەبەرنیگاری خەبەرگوزاری ڕۆیتێرز - دانا ئادامز شمیدت- و خەیانەت بە عێراق و گوتی هەرچی کردومە و گوتوومە، بە بەعسییەکان گەیشتوتەوە... دواتر کاک ئەحمەد هیچی نەدەخوارد ئەوە هەشتەم مانگە و کاک ئەحمەد سەروبەندی گیان دەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیر وەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاک بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ، جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست. دەستم لە لاقی دا سارد و عادی بوو، گوتی:

ماڵتە ئەو دەرکەیە لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژووریّ!! گوتم کاکە! ئەوە تۆ قسان دەبزرکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەریّ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەر وایە لاقت وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە، لاقم بۆ درێژ کرد و گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پێ نەچوو، چاوەکانی وێک نا و هەناسەی نەما و شەهید بوو، هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێنا و لەسەر پەتۆکەم دانا و ملم نا لە گریان، یەک بەخۆم بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ساڵی ١٩٧٣ی زایینی بوو... تەرمی کاک ئەحمەدیان برد و نازانم چی بەسەرهات و چیان لێکرد.(٥)

بەم جۆرە ئەحمەد تۆفیق لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢ گیراوە و دوای هەشت مانگ لە دووەم مانگی بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتویان و پێی نایە دوا مەنزڵی خۆی لە خاک یان تیزابدا. مەلا سەید ڕەشید حوسێنی کە لە کونە ماسییەوە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق چووبوو بۆ بەغدا، دەربارەی کوژرانی ئەحمەد تۆفیق لە کتێبی "سەرەتایەک لە فەرهەنگی فۆلکلۆری کورد"دا دەڵێت:

- تاوانی جاسوسی کردنی ئەحمەد تۆفیق بۆ ئێرانیان خستە پاڵی و بە فەرمانی نازم گزار بەرپرسی ئەمنی عێراق گیرا و کوشتیان و وەک ئەندامانی حیزبی دیموکرات دەڵێن لە حەوزی تیزابیان هاویشت.)

## تێبینییەکان:

١- کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات، بە پەیڕەوی لە کۆنگرەی یەکەم، کەسی یەکەمی حیزبی بە بەڕێوەبەری حیزب ناسی. پێشەوا قازی محەمەد لە کۆنگرەی یەکەم و ئەحمەد تۆفیق لە کۆنگرەی دووەمدا بەڕێوەبەری حیزب بوون. کۆنگرەی سێیەمی حیزب، بە پەیڕەوی لە حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت و حیزبە کۆمونیستەکان ناوی بەڕیوەبەری گۆڕی بۆ سکرتێری گشتیی.

٢- "ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق"، لاپەڕەکانی ١٦٦ و ١٦٧، نوسینی دوکتۆر یاسین سەردەشتی، ئەویش لە گۆڤاری "پەیامی کردستان شمارە چواردهم، ٢٢ اکتبر ٢٠٠٥" وەرگیرتووە.

٣- سەعدون غیدان یەکێک لەو ئەفسەر باڵایانەی ڕژێمی عێراق بوو کە ڕۆژی ١٧ - ٧ - ١٩٦٨، لەگەڵ عەبدوڵڕەزاق نایف، ئیبراهیم داود، کودەتایان بەسەر عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا کرد. ساڵی ١٩٧٢ ناوبراو وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراقی بوو.


عەبدولخالق سامەڕایی ئەندانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بوو.

٥- "ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق"، لاپەڕەی ١٦٧، ئەویش لە گۆڤاری "پەیامی کردستان شمارە چواردهم، ٢٢ اکتبر ٢٠٠٥" وەریگرتووە.



سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

## لە سەر ئەحمەد تۆفیق (سەید عەبدوڵای ئیسحاقی)



### بەشی یەکەم

**ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێنەوە تەعبیر لە بیروبۆچوونی نووسەرە دەکا و پێوەندی بە هیچ لایەنێکی سیاسییەوە نیە.**

**خالید حەسەنپوور**

گوندی بەیتاس بە بەرپەسارێکەوییە و کەوتۆتە ٧ کیلۆمیتری شاری مەهاباد و لەسەر جادەی سەردەشت مەهاباد هەڵکەوتوە. ماڵی نەنکم (سەیزادە خوونچە خووشکی ئەحمەد تۆفیق) کەوتۆتە ناووقەدی گوندەکەوە. ماڵی ئێمەش کەوتۆتە لای سەرووی ئاوایی و بە سەر ئاواییدا دەروانێ. جادەی سەردەشت مەهاباد بە لای خوارەوەی بەیتاسدا تێدەپەڕێ، بە

جوورێک تەنیا دوو ماڵ کەوتوونەتە بەر جا دە وباقی ماڵەکانی بەیتاس کەوتوونەتە لای سەرەوەی جادەکەوە. لە لێواری جادە بۆ خوارترکەنداڵێکی قووڵ دەستپێدەکا کە قووڵای لە سەد میتر زیاتر دەبێ. چۆمی بەیتاس وەک مارێک بە بەر کەنداڵەکەدا تێدەپەڕێ و هاوتەریب دەگەڵ جادەی سەردەشت مەهاباد ڕێگا دەبڕێ و دوای چەند کیلۆمیترێک لە دەراوی داشتەمری سەرێ تێکەڵ بە سەدی مەهاباد دەبێ. کاتێک لە قەراغ چۆم واتا بناری کەنداڵەکەوە دەروانێ بەیتاس، بێجگە لەو دوو ماڵە و یەک دوو عەمباری کاە کەوتوونەتەوە بەرەوەی جادە ودەڵیەی هەڵاوەسراوون خانوویکی دیکەی ئاوایی نابینی.

پێشتر ماڵی ئێمە لە داشتەمری خوارێ بوە کە ماوێک دوای لێدانی سەدی مەهاباد کەوتە ژێر بەنداوی سەدی مەهابادەوە. ئەو کاتە کە ئەو سەدە لێدرا، ماڵ و زەویوزارەکانمان کەوتنە ژێر ئاوو و ناچار بووین ئەوەێ بەجێبهێڵین ولە بەیتاس نیشتەجێبین. گیرسانەومان لە بەیتاس ئەگەر لەلایک بۆ ویرانبوونی داشتەمر دەگەڕایەوە، لەلایکی دیکەوە لە بەر ماڵە سەیزادە خوونچە نەنکم و خووشکی ئەحمەد تۆفیق بوو. هەربۆیەش ماڵمان کەوتبوە سەرەوی ئاواییەوە. تەمەنی من شایەد لە نێوان پێنج یان شەش ساڵ یان کەمتر دەبوو. دەڵێن بیری منداڵی تیژە و منداڵ زۆر شتی خۆش و ناخۆشی لە زەیندا دەمێنێتەوە. وەبیرمدێ کە کەشوهەوا خۆش دەبوو، سەیزادە خوونچە (خوشکی ئەحمەد تۆفیق) کە پێموایە تەمەنی لە سەرووی حەفتا دەبوو، بە کوورە کوور هەر چەند ڕۆژ جارێک ئەوهەورازەی وەبە رخۆیدەدا و بۆلای ماڵە ئێمە هەڵدەکشا و سەردانی دەکردین. سەیزادە خوونچە ژنێکی بە ویقار، لەسەرەخۆ، خۆشنێوو و جێگای ڕێزی هەموو خەڵکی ئاوایی و هەموو خزمووکەس وکار بوو. هەرکە سەیزادە خوونچە ڕێگای ماڵە ئێمەی دەگرتەبەر، دایکم بۆ ئەوەی ماندوو نەبێ کەسێکی خۆمانی بەرەوو پیری دەنارد و، بۆ خۆشی دەستی بە ئاووپرژێنی حەووشە دەکرد و جێگایکی خۆشی بە دۆشەگەڵان بۆ درووست دەکرد. حەوشەی ماڵەکەمان بەهۆی ئەوەی کانێکی دەبەر دەرکەدا بوو و بابم داروبارێکی زۆری لێ چەقاند بوو، دارەکان گەورە ببوون هاوینان سێبەری دارەکان حەوشەکەیان دادەپۆشی و فێنکان دەکرد. سەیزادە خوونچە بەهۆی نەخۆشی وچوونە نێوو تەمەنەوە زۆرجار نەیدەتوانی هەورازەکەی بەرماڵە ئێمە ببڕێ و لە دووی دایکمی دەنارد لە نیوەی ڕێگا هەتا چاووی پیەی بکەوێ. بەڵام گەلێک جاریش دەرد و ئازارو خە م هەڵی دەگرت و رووی پێ لەو هەورازەی ماڵە ئێمەی دە کرد. کە دەگەیشتە ماڵە ئێمە، دایکم بەدەوروبەریدا دەهات و دەچوو ودڵخۆشی دەدایەوە ئەهوەن دەبۆوە ودەحەسایەوە. دوایی بە دەم چایی خواردنەوە چاوێکی لە ئاسۆ (کوردستانی ئێراق) دەکردو فرمێچکەکانی هەڵدەوەراند و دیگووت ڕۆڵە رووقیا بڵێەی بیانبینمەوە؟



Ahamd Tofiq (Abdullah Ishaqi) 1931 – 1973
ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) ١٩٣١ - ١٩٧٣

سەید عەبدوڵای ئیسحاقی ساڵانێک بوو قاچاغ ببو و کوردستانی ئێرانی بەجێ هێشتبوو و چووبوە کوردستانی ئێراق. ئەودەم وەکی ئێستا نەبوو کە هەڵبڕاوان لە بنەماڵە لە ڕێگای دونیای مەجازیەوە لە بارودۆخی یەکتر ئەگاداربن. جاری وابوو دوو یان سێ ساڵ و جاری وایە لەوەش زیاتری دەخایاند هەتا بنەماڵەی ئەو کەسانەی کەسێکیان قاچاغ بوو بۆرە هەواڵێکیان لێیەی وەچەنگ دەکەوت. لەلایێک لەو سەردەمەدا وەک دەڵێن کەڵ بەمووی بەند بوو و لە لایێکی دیکەوە ئەو هاتووچۆییە بەوجوورەی ئێستا نەبوو. چەند ساڵێک پێش ئەحمەد تۆفیق کەسێک بۆلای سەیزادە خوونچە دەنێرێ و، نێردراوەکە وێڕای هەواڵی ساغی وسلامەتی تۆفیق هەڵگری پەیامێکیش دەبێ. پەیامەکەش ئەوەدەبێ کە دەڵی ئەحمەد تۆفیق گووتویەتی بەڵکو خووشکم غەفوور و حەسەنی کوریم بۆ بنێرێ کە هەم لێرە ببنە پێشمەرگە وهەم ئاگایان لێمبێ. سەیزادە خوونچەش بە خۆشخاڵیەوە قەبووڵی دەکا وبە نێردراوەکە دەڵێ جا چ لەوە باشتر غەفوور و حەسەنی کووڕم لە ئەحمەد تۆفیق زیاترنین، ئەوان بە ساڵێک جیاوازییەوە نێویان هاتوە بۆ سەربازێیە و لە جیاتی ئەوەی سەربازێیە بۆ شای ئێران بکەن، با بڕۆن ببنە پێشمەرگە.

ئیدی دوای ناردنی کوورەکانی سەیزادە خوونچە بێجگە لە خەمی براکەی خەمی دووری کوورەکانیشی بۆ زیاد ببوو. و ماوێکی زۆربوو کە هیچ هەواڵێکی لێیان نەبوو. زۆر پێش شۆرشی گەلانی ئێران سەیزادە خوونچە بە حەسرەتی دیتنەوەی دوو کوورەکانی و ئەحمەد تۆفیق چاوی بۆ هەمیشە لە سەرێەک دانا و ماڵئاوای لە ژیان کرد. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران غەفوور و حەسەنی وەک هەموو ئەوانەی قاچاغ ببوون ولە ئێراق دەژیان گەرانەوە. ئەوان لەهەرەتی لاوەتی کوردستانی ئێرانیان بە جێهێشت وبوونە پێشمەرگە وبە سەرو ریشی سپی گەرانەوە. بەڵام غەفوور و حەسەن کە بۆ پارستنی ئەحمەد تۆفیق ئەو ڕێگایەیان گرتە بەر، بەبێ ئەحمەد تۆفیق گەرانەوە.



سەرچاوە
Serchawe

وەک خۆم لە مێژە بە هیوام کە سەبارەت بە سەید عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بیروبۆچوونی خۆم دەرببڕم. چوونکە لەلایێک ئەحمەد تۆفیق دەبێتە خاڵی دایکم و سروشتیشە دەبێتە خاڵی منیش و، لەلایێکی دیکەوە دەحیزبێکدا تێدەکۆشم (حیزبی دێموکرات) کە لەو حیزبەدا ئەحمەد تۆفیق بۆ ماوێکی دوورودرێژ نەفەری یەکەمی حیزب بوە و، دەور و رۆڵێکی زۆری هەبوە. بۆیە سروشتیە بۆ کەسانی وەک من کە ئەندامی حیزبن و هەروها بۆ خەڵکی کوردستانیش روونبێتەوە کە بۆچی ئێمە خۆمان لە شەهید بوونی ئەو سەرکردە گرینگە ناکەین بە ساحێب؟

بە دوو هۆکار من هەتا ئێستا خۆم لەو باسە نەداوە. یەکەم، بەندە لانیکەم سێ جیل و نیوو دوای ئەحمەد تۆفیق هاتوومەتە ناوو ریزی حیزبی دێموکرات و لەو بارەوە نە دەگەڵی ژیاووم نە دەگەڵی حیزبایەتیم کردوە. من زیاتر گوێم لە قسەی دۆستان و دژبەرانی تۆفیق بوە کە، هەڵویست و قسەکانی ئەو دوو بەرەیە یان سەتا سەت لە دژی ئەحمەد تۆفیق بوون، یان سەتا سەت لە پەسەندی ناوبراوو. هەتا ئێستا دوو یان سێ کەسم دیوە کە یەک لەوان کاک مەلارەسووڵی پێشنماز بوە کە بە ئینسافەوە هێندێک شتی لە سەر ئەحمەد تۆفیق نووسیوە. دوهەم پێموابوە و ئێستاش پێموایە کە ئەو کەسانە پێویستە لەسەر ئەحمەد تۆفیق بنووسن و زانیاری بدەن کە شارەزای بیروبۆچوونی ئەحمەد تۆفیق وئەو بڕگەیە لە مێژووی حیزبی دێموکراتن. بەڵام بە داخەوە وەکی گوتم قسەو نوسراوەکانیان یەکلایەنەن و ناچنە خانەی مێژووی راستەقینەوە.

ئۆگری من بە سەید عەبدوڵای ئیسحاقی و سەربردەکەی، نەک لەبەر ئەویە کە تۆفیق خزمێکی نیزیکمە، بەڵکوو زۆر زیاتر لەوە ئەوەی سەبارەت بەو رێبەرە سەرنجی منی راکێشاوە، بیری تیژی نەتەوایەتی و ناسیونالیستی و ئەخلاقی شۆڕشگێرانەی و، شەهید بوونی لە پێناوو رزگاری کوردستان بە دەست رژیمی بەعسی ئێراقە. ناوبراوو خاوەنی دوو رەهەندی گرینگ لە ژیانی سیاسیدایە کە، هەردووکیان بە سەرنجدان بەوەیکە لە کەم لە رێبەرانی دیکەی کوردا بەرچاوو دەکەوێ جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە. یەکیان بیری قووڵی نەتەوایەتی و باوەڕ بە یەکێتی نەتەوایەتیە. ئەویتر خووخدەو ئەخلاقی شۆڕشگێرانەیە. سەبارەت بە خووخدەی شۆڕشگێرانەی ئەحمەد تۆفیق لێرەدا مەجال نیێە کە لەسەری بنوسم و ئەوبابەتە هەڵدەگرم بۆ وەختێکیتر و بە درێژە لەسەری دەنووسم.

تۆفیق پێی وابووە لەهەر بەشێکی کوردستان شۆڕش گەرمبێ پێویستە پارچەکانی دیکە نەک هەربەرژەوەندی ئەو بەشە کە، شۆڕشەکەی تێدایە بپارێزێ بەڵکو پێویستە بە کردەوەش یارمەتیدەری بن. بیرو بۆچوونێکی ئەوتۆ بە سەرنجدان بەوەی کە بیرۆکەی چەپ خەریک بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لەو سەردەمەدا سەردەست دەبوو و، بیری نەتەوایەتی بە شتێکی پاشکەوتوو بە حیساب دەهات دەگمەن بوو. لە راستیدا سەید عەبدوڵای ئیسحاقی لەوانە بوو کە وەک دەڵێن بێ سێودوو کوردبوو. بەومانایە کە ئەو بیرو ئەندێشەی کوردانەی کە لەسەرەتای هاتنە ناوو حیزبی دێموکراتەوە پێیەی گۆش ببوو و

لە کۆماری کوردستانەوە بە میرات بۆی بەجێمابوو، سەرەڕای گۆڕانکاری فکری و ئیدئۆلۆژیکی لە ئاستی جیهان، ئێران و کوردستاندا، هەتا کاتی شەهید بوونی بە دەستی ڕێژیمی بەعسی ئێراق پێیەی وفادار مایەوە. زۆریەک لە ڕێبەر و سەرکردەکانی کورد لە ڕەوتی جوڵانەوەی گەلی کوردا، تووشی گۆڕانکاری فکری و ئیدئۆلۆژیکی بوون. بەشێکی بەرچاویان پێشتر بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستیان هەبوە و پاشان بەرەبەرە بیری نەتەوایەتیەکەیان تێدا تۆخ بۆتەوە. ڕەنگە پێچەوانەکەشی هەبووبێ. بەڵام تۆفیق لەسەرەتاوە بە کوردایەتی تۆخ دەستی پێکردوە و هەتا کاتی شەهید بوونی لەو ڕێبازە فکرییە لای نەداوە. جەوهەری بیری کوردایەتی ئەحمەد تۆفیق دەکرێ لە تۆی ئەو نووسراوە و نامانەدا کە، بۆ هاوڕێیانی نووسیوە و لە کتێبەکەی دوکتوور یاسین سەردەشتیدا چاپ وبڵاوو بۆتەوە ببینین.

سەید عەبدوڵای ئیسحاقی لە بنەماڵەیەکی ماماوەندی و کوردپەروەری شاری مەهاباد لە دایک بووە. بابی ئەحمەد تۆفیق نەهاتۆتە ژێرباری کاربەدەستانی ڕەزاخان وشەپکەی لەسەر نەناوە. لە کاتێکدا لەوسەردەمەدا هیچکەس لە شاری مەهاباد نەیتوانیوە جلوبەرگی کوردی دەبەر بکا، ئەو سەرەڕای بەربەستی کاربەدەستانی ڕەزاخان بە رانکووچۆغە و سۆرانێوە بە نێوو شاردا گەڕاوە و خەڵکی مەهابادی هانداوە کە لەو بارەوە پێڕەوەی لە حکومەت نەکەن. براێکی ئەحمەد تۆفیق بە نێوی سەید محەممەدی ئیسحاقی، بە تاوانی هاوکاری دەگەڵ حیزبی دێموکرات و ئەحمەد تۆفیق بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ لە بەندیخانە ڕادەگیرێ. پاش ئەوەی کە لە بەندیخانەدا بە دەرزی و دەرمان لە رووی جەستەیەوە لە نێووی دەبەن، تەنیا چەند مانگ دوای ئازاد کردنی لە زیندان چاوی بۆ هەمیشە لەسەریەک دادەنێ وماڵئاوایی لە نیشتیمان دەکا.

١ - ٤ - ٢٠٢١

---

## بەشی دووهەم

### ئەو نووسراوە تەعبیر لە بیروبۆچوونی نووسەر دەکا و پێوەندی بە هیچ لایەنێکی سیاسییەوە.

ئەو بڕگەیە لە مێژوو تایبەتە بە چۆنیەتی ڕێکخستنەوە و بەڕێوە بردنی حیزبی دێموکرات پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان هەتا ساڵانی ١٣٣٧ و ٣٨ هەتاوی. لەو بەشەدا هەوڵمداوە زیاتر باسی ڕێزبەندییە سیاسیەکان دە نێو بەڕێوە بەری حیزبدا بکەم. و لەژێر تیشکی ئەو ڕێزبەندییە سیاسی فکریانەدا، لە بەشی سێهەم و کۆتاییدا دەپرژێمە سەر دەور و



سەرچاوە Serchawe

نەقشی سید عەبدوڵای ئیسحاقی.

سەید عەبدوڵای ئیسحاقی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی و کورد پەرەوری شاری مەهاباد لەدایک بوە. ئیسحاقی بۆ ماوەی نیزیک بە ١١ ساڵ ئەفەری یەکەمی حیزبی دێموکرات بووە. ناوبراو پاش تێکچوونی کۆمار بە هاوکاری دەگەڵ بەرێوەبەرانی سەرەکی ئەو دەورەییە، ڕۆڵی لە زیندووکردنەوە و ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەبوە بابی ئەحمەد تۆفیق نەهاتۆتە ژێرباری کاربەدەستانی رەزاخان و شەپکە لە سەر نەناوە. لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا هیچکەس لە شاری مەهاباد نەیتوانیوە جلوبەرگی کوردی دەبەر بکا، ئەو سەرەڕای بەربەستی کاربەدەستانی رەزاخان بە رانکووچۆغە و سۆرانیێەوە بە نێو شاردا گەڕاوە و خەڵکی مەهابادی هانداوە کە لەو بارەوە پێرەوەی لە حکومەت نەکەن. برایەکی ئەحمەد تۆفیق بە نێوی سەید محەمەدی ئیسحاقی، بە تاوانی هاوکاری دەگەڵ حیزبی دێموکرات و ئەحمەد تۆفیق بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ لە بەندیخانە ڕادەگیرێ. پاش ئەوەی کە لە بەندیخانەدا بە دەرزی و دەرمان لە رووی جەستەیەوە لە نێوی دەبەن، تەنیا چەند مانگ دوای ئازاد کردنی لە زیندان چاوی بۆ هەمیشە لەسەریەک دادەنێ و ماڵئاوایی لە نیشتیمان دەکا.

پاش رووخانی کۆماری کوردستان و لە داردانی پێشەوا قازی محەممەد وەک رێبەر و نوێنگەی خواستەکانی گەلی کورد، جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە ژێر کاریگەری ئەو شکستە لەلایەک و زاڵبوونی بیری چەپ و ناوەندگەرا لەلایەکی دیکەوە، تا رادێکی زۆر لە بنەما سیاسی ستراتیژییەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە. ئەگەرچی بە رواڵەت هۆکاری پەیوەست بوونەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە رێکخراوی حیزبی توودەی ئێران بۆ مەسەلەی ئەمنییەتی دەگێردرێتەوە، بەڵام شک لەوەی دانیە کە ئەو پاڵوێکدانە تەشکیلاتیەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی توودە، تا رادێکی زۆر بۆ هاوبەشی فکری و پاشەکشەی فکری لە بنەما نەتەوەییەکان دەگەڕێتەوە. لە راستیدا دەکرێ بڵێین بیرۆبۆچوونی ناوەند گەرایی لە تۆی روانگای بیری چەپدا باڵی بەسەر تێکۆشان سیاسی لەو سەردەمەی کوردستان کێشا بوو، روخانی کۆماری کوردستانیش خۆی لەخۆیدا ببوە هۆی ئەوەیکە مەیدان بۆ ئەو بیرە بکاتەوە.



دوای ئەوەی کە کۆماری کوردستان تێک دەچێ، بەڕێوەبەرانی سەرەکی کۆماری کە لە حەینی حاڵدا بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوون، یان شەهید دەبن یان دەگیرێن. لەو بارەوە دوکتوور قاسملوو لە تێکۆشەری دەوری دوهەم ساڵی ١٣٦٨ ژمارە ٢٧ دەنووسێ: لە زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکراتدا بەڕێوەبەرانی پێشووی حیزبی دێموکرات هیچیان بەشدار نەبوون. بەشی هەرە بەنرخ و هەرە تێکۆشەریان یان ئێعدام کرابوون یان لە زینداندا بوون. ئەو تەشکیلاتەی زیندوو کرایەوە لە راستیدا بە یارمەتی حیزبی توودە بوو. حیزبی توودە هەرچەند یارمەتی دابوو حیزبی دێموکرات زیندوو بێتەوە، بەڵام بە کردوە هەر ناوەکەی حیزبی دێموکرات بوو، تەواوی خەتی سیاسی ڕێبەرییەکەی و هەتا دەستووری تەشکیلاتی هەمووی لە تارانەوە لەلایەن حیزبی توودەوە بۆ دەهات.

ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی بەڕێوەبەرانی سەرەکی حیزبی دێموکرات کە پێکدهات لە سەدیقی ئەنجیری ئازەر، عەبدولرحمانی قاسملوو، سولێمانی مووعینی، غنی بلوریان، ئەحمەد تۆفیق کۆبوونەوێک لە تاران سەبارەت بە چارەنووسی حیزبی دێموکرات پێکدێنن. گرینگترین بریاری ئەو کۆبوونەوە هەڵبرینی پێوەندی دەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بوو. بەڵام بەسترانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە کردوە هەتا کۆنگرە یان کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە ساڵی ١٣٣٦ بەردەوام دەبێ. کاتێک چاو بە پێکهاتەی ئەو کۆبوونەوەدا دەخشێنین، بێجگە لە سولێمانی مووعینی و ئەحمەد تۆفیق، باقی دیکەی پێکهێنەرانی کۆبوونەوەکە بمانهەوێ و نەمانهەوێ لە ژێر کاریگەری حیزبی توودە و بیری چەپدا بوون. پاش ئەو کۆبوونەوە کە لە تاران پێکدێ و هەروها پاش کۆنگرەی یەکەمی حیزب، هەم بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و هەم تەشکیلاتی حیزب بە کردەوە و بەرە بەرو لە بەستراوەی فکری بە حیزبی توودە نەجاتیان دەبێ. و مامۆستا و ئەندازیاری سەربەخۆیی سیاسی

- فکری لە حیزبی توودەی ئێران هیچکەس بێجگە لە دوکتوور قاسملوو نەبووە. بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە، هەم دوکتوور قاسملوو و هەم باقی بەڕێوەبەرانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکرات بێجگە لە ئەحمەد تۆفیق و هەتا رادێک سوولێمانی مووعینیش، لە ژێر کاریگەری قووڵی بیری چەپ و سۆسیالیسیدا بوون. لە راستیدا بە کردەوە ئەو حیزبە بە هەودایکی باریک بە کۆمار و ئامانجەکانی لەو دەورەیەدا وەسڵ بووە. کەوابوو دەکرێ بە راشکاوی بڵێین کە ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەستراوەیی بە حیزبی توودەی ئێران نەجاتی دەبێ و ڕێکخراوکانی دەبووژێنەوە، بەڵام لە رووی خەتی سیاسی، چ لەو سەردەمدا و چ پاشتر لە بازنەی بیری چەپ و خوێندنەوەی چەپدا دەمێنێتەوە.

کاتێک بڵاوو کراوەکانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەخوێنیەوە، (کوردستان ژمارە ٢٢، ساڵی ١٣٥١) بەروونی دەبینی کە روانگە و خوێندنەوەی چەپ بەسەر هەوێنی بنەرتی لێکدانەوە و هەڵوێستەکانیدا زاڵە. لە پێوەندی دەگەڵ یەکێەتیی سەرانسەریدا، رۆژنامەی کوردستان وەختێک هێڵەکانی سیاسەتی حیزب دیاری دەکا، هەم دژایەتی دەگەڵ شووێنیزمی ئێرانی و هەم دژایەتی دەگەڵ ناسیونالیزمی بەرچاوو تەنگی کورد بە شتێکی پێویست دەزانێ. بەڵام مێژووی خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نیشاندەدا کە، نەتەنیا کورد ناسیوونالیستێکی بەرچاوتەنگ نەبووە، بەڵکوو تەنانەت ناسیوونالیستێکی راستەقینەش نیە. و هەر لە ئاکامی ئەو خوێندنەوە دایە کە سیاسەتی زاڵ خۆی لە سەرچاوەی دامەزرانی خۆی کە کۆمەڵەی ژێکافە نەبان دەکا و، کۆمەڵەی ژێکاف بە ڕێکخراوێکی داخراوو و تەنانەت کۆنەپەرست دەزانێ. هەروەها هەوڵدان بۆ چووک کردنەوەی قەوارەی کۆماریش هەتا پێش دوو دەیەی رابردوو هەر لەو پێوەندیەدا دەبێ ببیندرێ.

بە کوردی و بە کورتی، جیلێک دوای رووخانی کۆماری کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە دەبا، کە نە لە دامەزانی کۆمەڵەی ژێکاف، نە لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نە لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دا دەور و نەقشێکی ئەوتۆی نەبووە. ئەو جیلە کە بە جیلی درێژەدەر دەناسرێ، لەو بارەوە کە لە گۆڕانکارییەکانی پێشوودا نەبوون، دابڕانێکی فکری و ئەزموونی بنەرەتیان دەگەڵ جیلی دامەزرێنەر (پێشەوا و هاورێیانی) هەیە. بۆیە دەکرێ بڵێین جیلی درێژەدەر لەلایەک هەست بە رەساڵەتی کۆمار بەو جۆرەی پێویستە ناکا، و لەلایەکی دیکەشەوە لە حاڵێکدا کە کارتێکەرییەکانی رووخانی کۆماری بەسەرەویە دەکەوێتە بەر هرووژمی فکری و ئیدئۆلۆژیکی حیزبی توودەی ئێرانیش کە وەک نەجاتدەر لەو سەردەمەدا خۆدەنوێنێ. بێجگە لە هەموی ئەوانە، جیلی درێژەدەر پاش رووخانی کۆمار بە کردەوە دەرفەتێکی ئەوتۆی وەدەست ناکەوێ کە، بە بنەما فکری و سیاسییەکانی خۆیدا بچێتەوە و جارێکی دیکە لەسەر بنەڕەتی رەساڵەتەکانی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، ڕێبازێکی تۆکمەیی نەتەویی بگرێتەبەر.

٤ - ٤ - ٢٠٢١




سەرچاوە
Serchawe

**به‌شی سێهه‌م و کۆتایی.**

**ئه‌و نووسراوه‌ ته‌عبیر له‌ بیرو بۆچوونی نووسه‌ر ده‌کا و پێوه‌ندی به‌ هیچ لایه‌نێکی سیاسیه‌وه‌ نیه‌.**

له‌ نێوان ساڵانی ١٣٣٧ و ١٣٣٨ی هه‌تاویدا پاشماوه‌ی به‌رێوه‌به‌ران و کادر و ئه‌ندامانی حیزب که‌ له‌ چه‌نگ پۆلیسی حه‌مه‌ره‌زا شا نه‌جاتیان ده‌بێ خۆ ده‌گه‌یێنه‌ کوردستانی ئێراق. ئه‌و سه‌روبه‌نده‌ هاوکاته‌ ده‌گه‌ڵ کوده‌تاکه‌ی عه‌بدولکه‌ریم قاسم له‌ ساڵی ١٩٥٨ و گه‌ڕانه‌وه‌ی مه‌لا مسته‌فای بارزانی و دواتر هه‌ڵگیرسانی شۆڕشی ئه‌یلوول.

ئه‌و پاشماویه‌ له‌ به‌رێوه‌به‌رانی حیزبی دێموکرات که‌ خۆ ده‌گه‌یێنه‌ کوردستانی ئێراق، له‌لایه‌ک ده‌نێو خۆیاندا یه‌کیه‌تیی فکری و سیاسی ته‌واویان نییه‌ و له‌ رووی بیروباوه‌ڕه‌وه‌ پرشوبڵاون و له‌ لایه‌کتره‌وه‌ له‌رووی رێکخراویشه‌وه‌ ئینسجامێکی ئه‌وتۆیان نیه‌ و ئتۆریته‌ نه‌فه‌ری یه‌که‌میش که‌ سه‌ید عه‌بدووڵای ئیسحاقیه‌ قه‌بوڵ ناکه‌ن.



Ahamd Tofiq (Abdullah Ishaqi) 1931 – 1973
ئه‌حمه‌د تۆفیق (عه‌بدوڵڵا ئیسحاقی) ١٩٣١ - ١٩٧٣

بێجگه‌ له‌ ئیسحاقی و سوولێمانی موعینی و چه‌ند که‌سێکی دیکه‌ که‌، بیره‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌که‌یان که‌مێک له‌وانی دیکه‌ تۆختر بوه‌، باقی دیکه‌ یان له‌ رووی بیروباوه‌ڕه‌وه‌ خاوه‌نی خه‌تێکی دیاریکراوی سیاسی نین، یان به‌ڵای بیری چه‌پدا دایده‌شکێنن. له‌وها وه‌زعێکدا ئه‌و جه‌معه‌ ده‌که‌ونه‌ به‌ر شه‌رتومه‌رجێکی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش، ئه‌ویش وازهێنانه‌ له‌ خه‌بات له‌ دژی حه‌مه‌ره‌زا شا و هاتنه‌ژێر باری شۆڕشی کوردستانی ئێراقه‌.

ئەو بارودۆخە سیاسی‌یە کاردانەوەی زۆری لە نێو حیزبی دێموکراتدا کە، بنکەکانی لە ناوچە ئازادەکانی شۆڕشی کوردستانی ئێراق دەبێ لێ دەکەوێتەوە و بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن. دەستەیێک بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق پێی وادەبێ کە حیزبی دێموکرات پێویستە لەو قۆناغەدا تێکۆشانی خۆی لە کوردستانی ئێران هەڵبپەسێرێ و هاوکاری شۆڕشی بارزانی بکا. دەستەی دوهەم پیی وایە کە ئەوکارە سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات دێنێتە ژێر پرسیارەوە.



نەمر کاک ئەحمەد تۆفیق

سروشتی‌یە ئەگەر حیزبی دێموکرات توانیبای هەم سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزی و هەمیش تێکۆشانی چەکدارانە لە خۆرهەڵاتی کوردستان درێژە پێبدا، شتێکی زۆر ئیدئاڵ دەبوو . بەڵام مێژوو ئەوەیە کە روویداوە و بە خۆزگە و بریا هیچ شتێک لە راستیەکان ناگۆڕێ. لەراستیدا چ بە ئەقڵییەتی ئێستا لەو کێشانەی ئەو سەردەمە بڕوانین و چ تەنانەت بە خوێندنەوەی ئەو سەردەم لە کێشە و هاوکێشەکان بروانین، دەتوانین بڵێین هەردووک ڕێگا تا رادێکی زۆر ئەوپەڕ و ئەوپەڕ بوون و، دەهەلومەرجێکی ئەوتۆدا زیادەرەویان تێدا بووە. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە هەڵوێستی ئەحمەد تۆفیق و هاورێیانی‌یەوە هەیە، یارمەتیدانی شۆرشی کوردستانی ئێراق شتێکی باش و ئیجابیە بووە، بەڵام نە بە قیمەتی

لەدەستدانی سەربەخۆیی تەواو و کەماڵی حیزبی دێموکرات. دیتیشمان ئەو ڕێگایە هەم بە زیانی حیزبەکە تەواو بوو هەم بە زیانی خودی عەبدوڵای ئیسحاقی. بەرامبەرەکانی ئیسحاقیش بەسەرنجدان بە ئاروەدۆخی سیاسی شۆڕشی ئەیلوول، هەم دەکرێ بڵێین تووندئاژۆیان کردوە و هەم هەمەلایەنە بیریان لە کێشەکە نەکردۆتەوە.

ئەو دەستەیەش کاتێک دەیانبینی کە شۆڕشی کوردستانی ئێراق گووشارێکی زۆری لەسەرە و پێویستی بە هاوکاری تەنانەت حکوومەتی شای ئێران هەیە، دەکرا بۆ ماوەیەک واز لە خەباتی چەکداری دژی شای ئێران بهێنن و ڕوو لە شێوازەکانی دیکەی تێکۆشان بکەن و بەوجۆرە هەم خۆیان بپارێزن و هەم نەهێڵن ڕەورەوەی خەباتی خەڵک لە کوردستانی ئێران پەکی بکەوێ . کاتێک سەرنجی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو سەردەم و ڕێزبەندییە سیاسییەکانی ناو حیزبی دێموکرات دەدەی، بە ڕوونی بۆت دەردەکەوێ کە لە نێوان ئەو دوو دەستەیەدا کە ئەوپەڕ و ئەوپەڕن، هەبوونی بیرۆکەیەکی سێهەم کە وەک ئاڵقەی وەسڵی ئەو دوو ڕێزبەندییە کار بکا و نەقشی سەنتێرێک بازی بکا، یان نەبوە و یان ئەگەر بووبێ مەجالی پەرەگرتنی نەبوە. ئەو سیاسەتەی کە ئێستا لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ٦٠ ساڵ بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ڕەچاویان کردوە لە ئاکامی ئەو تاقیکردنەوە مێژووییە دایە کە حیزبی دێموکرات و سەرکردایەتی شۆڕشی بارزانی تێپەڕیان کردوە . مانای ئەوە ئەوەنیە کە بڵێین سیاسەتی ئێستای دێموکرات و کۆمەڵەکان بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئیدئاڵە، بەڵام دەبێ بڵێین کە جاری وایە لەو جۆغرافیاییە سیاسییەدا دەکەوییە بەر هێندێک بژاردەوە کە، ناچاری دەنێو ئەواندا بژاردە مامناوەندیەکە کەم هەزینەترە هەڵبژێری.




لێرەدا دوو شت لە پێوندی دەگەڵ هاوکاری سەید عەبدوڵای ئیسحاقی دەرحەق بە شۆڕشی ئەیلول گرینگە کە پێویستە

ئاماژەی پێبکەین. مەسەلەی یەکەم ئەوەیە کە ئەوانەی سەید عەبدوڵای ئیسحاقی دەناسن دەزانن کە، گرتنە بەری ڕێگای هاوکاری شۆڕشی بارزانی لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە، نەک لەئاکامی ترس دڵەڕاوەکی بەڵکوو لە پێناو بیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردانەی دابوە. عەبدووڵای ئیسحاقی پێی وابوو کە سەرکەوتنی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، راستەوخۆ و ناراستەخۆ سەرکەوتنێکە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان. هەربۆیەشە کە بە کردەوە ڕێگای بەشداری و پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلوول دەگرێتەبەر. هەموو ئەوانەی ئەحمەد تۆفیق دەناسن لەسەر ئەوە کۆکن کە ناوبراو پیاوێکی جەسوور و بە شەهامەت بووە، ڕێگایێک ئەگەر بۆخۆی قەناعەتی پێی نەبووبێ کەس نەیتوانیوە بەسەریدا بسەپێنێ.



مەسەلەی دوهەم ئەوەیە ئەگەر هاوکاری کردنی ئیسحاقی دەرحەق بە شۆڕشی کوردستانی ئێراق لەو سەردەمەدا بۆتە هۆی ئەویکە سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات بهێنێتە ژێر پرسیارەوە، هاوکاری و خۆ لە ئیختیار نانی مەلامستەفا و ٥٠٠ بارزانی دیکەی ژێر فەرمانی دەرحەق بە کۆماری کوردستان بە پێشەوایەتی قازی محەممەد دەچیتە کام خانەوە؟ من پێموایە هەم مەلا مستەفای بارزانی بە سەرنجدان بەو خزمەتانەی بە کۆمار و پاراستنی کردبوو، چاوەروانێکی زۆری لە حیزبی دێموکرات و ئەحمەد تۆفیق هەبوە کە، وڵامی چاکەکانی بداتەوە. و هەم ئەحمەد تۆفیقیش وەک نەفەری یەکەمی حیزب، خۆی زۆر بە مننەتباری بارزانی و شۆڕشەکەی سەبارەت بە خزمەتەکانیان بە کۆماری کوردستان زانیوە. لە راستیدا شۆڕشی ئەیلوول بە فاسیلەی ١٣ هەتا ١٥ ساڵ لە کۆماری کوردستان دەستی پێکرد، مەنتیقەن رووداوەکانی کۆماری کوردستان لەو سەرەمەدا ئەوەندە کۆن نەببوون کە گەرماییەکەیان وەکو ئێستا نەمابێ.




**لە راستەوە: نەمران کاک کەریم حەدداد و کاک ئەحمەد تۆفیق**

مەسەلەیەک کە لە پێوەندی دەگەڵ بەسترانەوەی ئیسحاقی بە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول زۆر بەرجەستە دەکرێ، لە دەستدانی سەربەخۆیی سیاسی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا بە هۆی ئەحمەد تۆفیقەوە بووە. ئەوە کە حیزب یان رێکخراوی پارچەیەکی کوردستان سەر بە حیزب یان رێکخراوی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بێ و پێیەوە ببەسترێتەوە، نە شتێکی باشە و نە ئیجابییە، بەڵام لە حەینی حاڵدا نەفسی بەسترانەوەکە خەیانەتیش نیە. هەروەک بەسترانەوەی پەژاک بە پێکاکاش شتێکی باش نیە، بەڵام لە نیهایەتدا خەیانەتیش نیە. چوونکە لە حاڵەتی بەسترانەوەی حیزبی پارچەیەک بە حیزبی پارچەیەکی دیکەی کوردستان، خەبات و تێکۆشانی بەشە کوردستانی‌یەکەی ئەو حیزبەی وابەستەیە، دەکەوێتە ژێر سێبەری بەرژەوەندییەکانی حیزبی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و ئەوەش بە سەرنجدان بەو بارە ژێئۆپۆلتیکەی کە کوردستان تێیدایە، دەچێتە خانەی بەرژەوەندی حیزبێکی کوردی‌یەوە کە بۆ مانەوەی خۆی ناچارە دەگەڵ یەک یان دوو لە دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە پەیوەندی هەبێ. بەڵام سرووشتیە کە خزمەتەکانیشی دەچێتە خانەی مەسەلەی کوردەوە بە گشتی. بەڵام ئەوەی مەبەستی منە لێردا ئەوەیە کە بڵێم ئەو چاوەڕوانی‌یەی کە لەو جۆغرافیایە سیاسیەدا سەبارەت بە سەربەخۆیی سیاسی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد دەکرێ، لە بنەرەتدا برێک دوورە لە راستی. لە جیهانی سەردەمی ئەحمەد تۆفیق و هەروەها جیهانی ئێستاشدا و هەروەها لە ژێئۆپۆلتیکەی کە کوردستانیش تێدا هەڵکەوتوە، زەحمەتە رێکخراویەکی سیاسی کورد هەبێ کە بە مانای واقعی وشە سەربەخۆ و رەهابێ. بە داخەوە مێژوو نووسی حیزبیش ئەو تێرمە (سەربەخۆیی سیاسی) زۆر زیاتر لە پێویست گەورە دەکاتەوە، بە جۆرێک لە پێوەندی دەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe

عەبدوولاّی ئیسحاقیدا دیوارەکەی هەتا ئاستی خەیانەتیش بەرز دەکاتەوە!


هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە بیروباوەڕی سیاسی و کوردانەی ئیسحاقیەوە هەیە، ئیسحاقی نیازێکی پاک و خاوێنی هەبووە، بەلاّم هەلّس وکەوتی نابراو لە نێو حیزبدا بۆ جێبەجێ کردن و پیادەکردنی بیروباوەڕەکەی، هەم تێکەلاّو دەگەلّ تووندوتیژی بووە و هەم تەک ئاژۆیی. لە ئاکامی ئەو هەلّس و کەوتەدا هەم لە نێو حیزبەکەدا و هەم لە پێوەندی دەگەلّ شۆڕشی کوردستانی ئێراقدا تووشی بنبەستێکی سیاسی دەبێ و لە ئاکامی ئەوەدا کە هەم لە نێو حیزبی دێموکراتدا جێگاو شوێنێک بۆ خۆی نابینێ و هەمیش لە نێو شۆڕشی کوردستانی ئێراقدا دەراوێکی روونی نابێ، پەنا دەباتە بەر دەولّەتی ئێراق.

شەهید عەبدولاّی ئیسحاقی وەک هەموو سەرکردەکانی پاش و پێش خۆی کەم و کوڕی و هەلّەی هەبوە، بەلاّم هەم خزمەتەکانی بە جولاّنەوەی کورد گەورەن و هەم هەلّەکانیشی چکۆلّە نین. بەلاّم هەلّەکانی هەرچێکی بن، پێوەندیان بە حیزبەکەیەوە هەبووە نەک نەتەوەکەی. لە بەندیخانەی دەولّەتی ئێراقیشدا لەسەر ئەوەی کە داوای لێدەکەن لە دژی بارزانی بەیانییەیەک دەر بکا، ئیسحاقی بە بارزانی وەفادار دەمێنێتەوە و ئەو کارە ناکا و لە ژێر ئەشکنجەدا گیان دەدا.

ماوەتەوە بلێم تەنیا کارێکی کە لەدەست هاوجیلانی رێبەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات دەهات، بە پێی رەسالەتێکی سیاسی و مرۆڤ دۆستانە هەولّی رزگاری شەهید عەبدولاّی ئیسحاقی بدەن. دەگەلّ ئەوەی دەستی حیزبی دێموکرات بەوجوورەی پێویستە لە حکومەتی ئێراقدا نەدەرۆیشت، بەلاّم هەولّی رزگاری ئیسحاقی لەلایەن هاوجیلانی سیاسییەوە ئەمرۆ لە چاوی مێژوو وون نەدەبوو. ئەرکێکی گرینگی کە دەکەوێتە سەر جیلەکانی ئەمرۆی دێموکرات، ئەوەیە بە پاسی زەحمەت و تێکۆشان و فیداکاری عەبدوولاّی ئیسحاقی و بنەمالّە کوردپەروەرەکەی، ئیحادەی حەیسییەتی لە نەزەر حیزبایەتیەوە لێ بکا و هەولّ بدا جێگایەکی شایانی خۆی لە ریزی باقی سەرکردە شەهیدەکانی بۆ دیاری بکا. بۆیەش دەلّێم ئیحادەی حەیسییەتی لە نەزەر حیزبایەتییەوە لێ بکا، چۆن ئیسحاقی لەنەزەر کوردایەتی و نیشتیمانپەروەریەوە، حەیسییەتێکی گەورەی هەیە و خۆی شەهیدی ئەو رێگایەشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠٢١

## عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) کێ بوو!؟ لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی چی بوون!؟



Ahamd Tofiq (Abdullah Ishaqi) 1931 – 1973
ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) ١٩٣١ - ١٩٧٣

**شەریف هەژاری**

یەکێک لەو بابەتانەی کە لەم ماوەیەدا زۆرترین پرسیارم وەک (ئەکادیمیستێک) لێ کراوەو ئەو پرسیارەیە: مامۆستا ئەکرێت کورتەیەک لەبارەی عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بەبابەتێک بنووسیت، بەتایبەت کە ئێستا هەوڵێکی زۆر هەیە کە ئەو مێژووە بگۆڕدرێت!؟

هەربۆیە منیش وەک وەڵامێک بۆ ئەو بەرێزانە و ئەو متمانەیەی کە بە (بابەتەکانی منیان هەیە) بە پێویستم زانی ئەم بابەتە تاڕادەیەک کورتە لەسەر عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بنووسم و، بۆ زانیاری زیاتریش لە هەندێ شوێندا ئاماژەم بە سەرچاوە کردووە، کە ئەکرێت خوێنەران لەو ڕێیەشەوە زیاتر لە بابەتەکە بگەن.

کاتێک باس لە هەر کەسایەتییەک ئەکەین، زۆر پێویستە بە وردی لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی بخەینەڕوو، چونکە کەس سەد نییە و کەسیش سفر نییە، ئەگونجێت کەسێک هەبێت ٩٠%ی تایبەتمەندی ئەرێنی بێ و، ئەشکرێت کەسێکی دیکەش تەنها لە ٢٠%ی تایبەتمەندی ئەرێنی تێدابێت.

لەبەر کورت و پوختی ئەم بابەتە پێویست ناکات بە وردی بچمە سەر لایەنەکانی منداڵی و پەروەردەی ئەحمەد تۆفیق و مردنی، بەلام (وەک فەلسەفەی مێژوو گرنگی پێ ئەدات) ئەوا گرنگترین گوزەری سیاسیی ئەخەمە ڕوو، هیودارم ئەو کەسانەی کە ناوچەگەرییانە بیرئەکەنەوە ئەوا لە قۆناغی (جەنگاوەری) بترازێن و، هێندە هوشیاری نەتەوەییان با تێدا ببێت کە وەک (شۆڕشگێڕ و نەتەوەپەروەرێک) ڕەخنە لە لایەنە نەرێنییەکانی ئەحمەد تۆفیق بگرن.

**با لە ساڵی ١٩٥٥ وە دەست پێ بکەم کە کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دیموکرات دەبەسترێت، لەو ساڵەدا ئەندامانی ڕێبەرایەتیی کاتی هەڵ دەبژێردرێن، کە بریتی دەبن لەمانەی خوارەوە:**

ئەندامانی ڕێبەرایەتیی کاتی دیاری کراو: عەبدولڕەحمانی قاسملوو، غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، ڕەحمەتوولا شەریعەتی، عەبدوولا ئیسحاقی ' ئەحمەد تۆفیق ' بوون و، دکتۆر عەلی مەولەویش وەک ڕاوێژکاری سەرکردایەتیی هەڵبژێران و کارەکانیشیان بەم شێوەیە دابەشکران:

١- عەبدول ڕەحمان قاسملوو: بەرپرسی گشتیی و بەرپرسی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.
٢- غەنی بلوریان: بۆ ناوچەکانی باشور بەتایبەتی سنە.
٣- عەزیز یوسفی: بۆ ورمێ و ناوچەکانی باکور و کاری چاپەمەنی.
٤- ڕەحمەتوولا شەریعەتی: بۆ ناوچەکانی باشور و سنە، هاوڕێ لەگەڵ غەنی بلوریان دا ئەبێت.
٥- سەید عەبدوولا ئیسحاقی " ئەحمەد تۆفیق ": بۆ مەهاباد و دەوروبەری.
٦- دکتۆر عەلی مەولەوی: لە سەرەتادا بۆ سەقز و دواتریش بۆ تاران دیاری کرا.

شیاوی باسە لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٥٧، ململانێیەکی زۆر توند دەکەوێتە نێوان (عەزیزی یوسفی) و عەبدولای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق). بە پێی بەڵگەنامەکانی بەردەست، عەبدولای ئیسحاقی خراپترین و بێ سەنگترین جنێو و قسە بە (عەزیز یوسفی) ئەڵێت، ناواخنی ململانێکانیشیان لەسەر ئەوە دەبێت کە: ئەحمەد تۆفیق عاشقێکی توندی فکری ستالین - مارکسیزم ئەبێت و عەزیز یوسفیش چەپێکی شۆڕشگێر ئەبێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی عەزیز یوسفی زۆر دژی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی ئەحمەد تۆفیق ئەبێ و بە کەسێکی بێ سەروبەرەو جنێودەر و نا سیاسیی و نا حیزبی لای هاوڕێکانی پێناسەی عەبدولای ئیسحاقی ئەکات. (ئەم باسە دورودرێژە و مەگەر هەردوو بەرگی کتێبی ڕامانێک لە تراژیدیای براکان بخوێنرێتەوە و خوێنەر بە وردی لێی تێ بگات).

لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨، کاتێک مەلا مستەفا ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ عێراق، ئەوا لە چیکۆسلۆڤاکیا لادەدا و، ئەچێتە ماڵی قاسملوو، مەلا مستەفا داوا لە قاسملوو ئەکات کە بگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان و پۆستێکی بالای لە ڕیزیکانی پارتی پێ ئەدات، قاسملوو نیەتی زۆر پاک ئەبێت، بە مەلا مستەفا ئەڵێت: ئێمە هەوڵەدەین نوێنەری حیزبی دیموکرات بنێرینە باشوری کوردستان و نوێنەرێکی بۆ دیاری دەکەین و ڕەنگە کەسێک بۆ ئەو پۆستە دیاری بکەین کە ناوی عەبدولای ئیسحاقییە.

شیاوی ئاماژەیە، لە پاش ساڵی ١٩٥٧ ەوە دەزگای ساواک دەکەوێتە گرتنی تەواوی شۆڕشگێڕانی خۆرهەلاتی کوردستان، هەربۆیە هەندێک لە کادیرانی حیزبی دیموکرات دەخرێنە زیندانەوە و بەهۆی ئیعتیرافی کادیرێک بەناوی (سمایلی قاسملوو) ئەوا زۆرینەی شانە نهێنییەکانی حیزبی دیموکرات دەگیردرێن، لەوانەش: عەزیز یوسفی، غەنی بلوریان و، جەلیل گادانی و... هتد.

پاش ئەوەی حیزبی دیموکرات عەبدولای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) وەک نوێنەریان دەنێرێتە باشوری کوردستان، ئەوا لەناکاو ئەحمەد تۆفیق ١٠٠% گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەی دا دێت و، لە ستالینین پەرستێکی زۆر توندەوە، ئەبێتە مەلا مستەفا پەرستێکی زۆر سەیر!

لێرە (لە باشوری کوردستان) ئەحمەد تۆفیق ئەچێتە لای مەلا مستەفا و دەکەوێتە فیتنەیی کردن لەهەمبەر ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و، یەکێک ئەبێت لە هۆکارەکانی ئاشوب نانەوەی نێوان مامۆستا هەمزە عەبدولای سکرتێری پارتیی و مەلا مستەفای سەرۆکی پارتی.

هەروەها لە لای مەلا مستەفا شکاتی قاسملوو و کەریمی حیسامی ئەکات، کە گوایە پشتی هەمزە عەبدولا ئەگرن، بەڵام وەکو فاکتی مێژوویی هیچ یەکێک لە گێڕانەوەکانی ئەحمەد تۆفیق ڕاست نابێت، تەنانەت پێشتر کە خودی مەلا مستەفا پێشنیار ئەکات کە قاسملوو ببێتە سکرتێری پارتی، ئەوا قاسملوو ڕەتی ئەکاتەوە و ئەڵێت: **من لە حیزبی خۆم (حیزبی دیموکرات) تێکۆشان ئەکەم و ڕێزی سەربەخۆیی بڕیاری دەگرم و، وەکو پارتێکی براش لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ئەڕوانم.**

پاش ئەوەی ململانێی نێوان ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی (باڵی ئیبراهیم ئەحمەد - مام جەلال) و مەلا مستەفا (باڵی سەرۆکایەتی پارتی) لە دروست بووندا ئەبێت، دیسانەوە ئەحمەد تۆفیق بڵاوکراوەیەک بەناوی (دیسان بارزانی) دەردەکا و بە توندی پشتیوانی مەلا مستەفا ئەکات، کە ئەمە پێچەوانەی ڕەفتارەکانی نوێنەرایەتی کردنی حیزبەکەیەتی



سەرچاوە
Serchawe

(حیزبی دیموکرات)، بۆیە مەلا مستەفاش بە تەواوی پشتیوانی لە ئەحمەد تۆفیق ئەکات، لێرەوە ئەحمەد تۆفیق کە پشتیوانی مەلا مستەفا بەدەست دەهێنێت، ئەکەوێتە هەوڵی تیرۆرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە نایانەوێت حیزبی دیموکرات لە ململانێ ناوخۆییەکانی پارتییەوە بگلێنن.

شیاوی ئاماژەیە، ئامێرەکانی چاپکردنی بڵاوکراوەی (دیسان بارزانی) کە ئەحمەد تۆفیق دژی ئیبراهیم ئەحمەد - مام جەلال بلاوکراوەی پێ چاپ دەکردن لێیانەوە، پێشتر ئەو ئامێرانەی چاپکردن بۆ بڵاوکراوەی حیزبی دیموکرات دابینکرابوو، کە لە سامانی میراتی قاسملوو کڕدرابو و پێشکەشی حیزبی دیموکراتی کردبوو، قاسملوو بەنرخترین پارچە زەوی حەقە میراتی خۆی لە باوکی وەرگرتبو و زەوییەکەی فرۆشتبو و دابووایە ئەو ئامێرانە (بۆیەکەمجارە ئەم زانیارییە بلاوئەکرێتەوە و بۆ زیاتر بڕواننە: بەرگی دووەمی کتێبی: ڕامانێک لە تراژیدیای براکان). بەڵام ئەحمەد تۆفیق لە باشوری کوردستان دەستی بەسەردا ئەگرێ و بۆ ململانێکانی پارتی ئەیخاتەگەڕ (شیاوی باسە لەو کاتەدا هێشتر جیابوونەوەی فەرمی لە نێو ڕیزەکانی پارتیی دا ڕووی نەدابو و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد - مام جەلالیش هەل نەهاتبوون بۆ ئێران).

ئیتر ئەحمەد تۆفیق (بەکردەوە) دەبێتە یەکێک لە فەرماندە توندەکانی پارتیی و بە (پڕوپاگەندەی خۆشی بێت) ناوی خۆی ئەنێت (مەلا مستەفای کوردستانی ئێران!!). لەم بارەیەوە پەندی ئەسپەکە زۆر بەناوبانگە، هەروەکو سەلاحی موهتەدی لە چاوپێکەوتنێکی تەسجیل کراودا پێی وتم: (ماوەیەک مەلا مستەفا بە پێ ئەڕۆیشت، ئەحمەد تۆفیقیش هەر بە پێ ئەڕۆشت، پاشان ئاغاکان ئەسپێکی زۆر جوانیان بە دیاری دایە مەلا مستەفا و ئیتر مەلا مستەفا بە سواریی دەڕۆشت، کەچی ئەحمەد تۆفیق ئەم کوردستانە بە وردی ئەگەڕا کە ئەسپێکی هەمان ڕەنگی دەست کەوێت، کە پێمان ئەوت بۆ وائەکەی!؟، ئەحمەد تۆفیقیش لە وەلامدا پێی ئەوتین: ئەی مەگەر من مەلا مستەفای کوردستانی ئێران نیم!!، ئیتر ئێمەش لەبەر هێزی پارتی و مەلا مستەفا نەمان ئەتوانی هیچی پێ بڵێین، چونکە خێرا دەچوو بە زۆر زیادەوە ئەیگێڕایەوە!!).

بە پشتیوانی کردنی زۆری پارتی بۆ ئەحمەد تۆفیق، ئیدی ئەحمەد تۆفیق دەست دەکات بە تیرۆر و کوشتنی هەموو ئەو کادیر و سەرکردانەی حیزبی دیموکرات کە دەیانویست سەربەخۆیی بۆ حیزبی دیموکرات بگەڕێننەوە و، نەبنە بەشێکی ململانێکانی نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

سەرەتا ئەحمەد تۆفیق هەوڵ دەستێت بە تیرۆرکردنی لێهاتووترین کادیری حیزبی دیموکرات کە ئەویش (ئەسعەدی خودایاری) ئەبێت. ئەحمەد تۆفیق لەم کارەیدا سەر ئەکەوێ و ئەسعەدی خودایاری شەهید ئەکا و، (بۆ زانیاریشتان) پاشتر خێزانەکەی شەهید ئەسعەدی خودایاری شوو ئەکات بە هونەرمەند (ماملێ).



سەرچاوە
Serchawe

پاشان ئەحمەد تۆفیق بەهاوکاری پارتی هەوڵی تیرۆرکردنی قاسملوو ئەدات لە سلێمانی، بەڵام قاسملوو لە پلانەکە ڕزگاری ئەبێ و هەڵ دێت و دەست پارتی ناکەوێت.

دواتر ئەحمەد تۆفیق بە هەماهەنگی دەزگای ئیستیخباراتی بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی قاسملوو لە بەغداد ئەدا و ئەشچێتە بەردەم ئەو خانووەی کە قاسملووی تێدایە لە بەغدا و میلی دەمانچە دێنێتەوە کە بچێتە ژورەوە و بیکوژێت، بەڵام دیسانەوە لە لایەن (عەبدولای عیزەت پور) و سەرکردەیەکی چەپەوە ڕێی لێ ئەگیردرێت (بە وردی لە بەرگی دووەمی کتێبی ڕامانێک لە تراژیدیای براکان ئەم باسە هەیە و نامەوێت هەمووی بخەمەڕوو تا کتێبەکە چاپ نەکرێت).

پاش ئەمانەش، بە هاوکاری مەلا مستەفا و ئەحمەد تۆفیق ئەوا قاسملوو لە عێراق دەرئەکرێ و تەنانەت حکومەتی عێراقی ڕێگاش بە قاسملوو نادات کە لە بەغدا وەک وانەبێژیش بمێنێتەوە.

دواتر ئەحمەد تۆفیق هەوڵی تیرۆری (کەریمی حیسامی) ئەدات، هەربۆیە کەریمی حیسامی لە سلێمانییەوە هەڵ دێت بۆ بەغداد، ئەحمەد تۆفیق و تیمێکی ئیستیخباراتی عێراقی ماڵ بە ماڵ لە بەغدا بە شوێن کەریمی حیسامییەوە ئەبن، بەڵام کەریمی حیسامی نادۆزنەوە و هەڵ دێت (لە بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی و زۆرێک لە سەرکردەکانی باشوری کوردستانیش بە وردی ئەم باسە هەیە).

هەربۆیە، ئەوانەی دەیانویست کە حیزبی دیموکرات سەربەخۆی خۆی بپارێزێ و نەگلێتە ململانێکانی نێو ڕیزەکانی پارتییەوە، ئەوا یان تیرۆر ئەکرێن یاخود هەڵ دێن، بەتایبەت کەسایەتییەکی وەکو عەبدول ڕەحمان قاسملوو کە: بەرپرسی گشتیی و بەرپرسی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی حیزبی دیموکرات ئەبێت.

لەمە بەدوواوە، حیزبی دیموکرات دەبنە سێ بەشی سەرەکییەوە، باڵی سەربەخۆخواز کە قاسملوو ڕابەرایەتی ئەکا و هەڵ دێت بۆ ئەوروپا، کەریمی حیسامیش هەڵ دێت بۆ لای و ئەسعەدی خودایاریش شەهید ئەکرێت.

باڵی پارتی: کە بریتی ئەبن لە ئەحمەد تۆفیق و ئەمیری قازی و... هتد.

باڵی سەر بە ئیبراهیم ئەحمەد – مام جەلال کە بریتی ئەبن لە: حەسەنی ڕەستگار، سەلاحی موهتەدی، سەعید کاوە و... هتد.

کاتێک باڵی سەربەخۆخواز، کە بەرپرسی گشتی حیزبەکەشیان (قاسملوو)شی تێدا ئەبێت هەڵ دێن بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق و پارتی و ئەحمەد تۆفیق نەیانکوژن، ئەوا ململانێیەکی زۆر توند ئەکەوێتە نێوان باڵی پارتی کوردانی خۆرهەلات کە (ئەحمەد تۆفیق) فەرماندەیان ئەبێ و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد - مام جەلالی کوردانی خۆرهەلات کە (حەسەنی ڕەستگار و سەلاحی موهتەدی و سەعید کاوە و...هتد) ئەبن.

ئەم باڵەی سەر بە ئیبراهیم ئەحمەد - مام جەلالیش ئەبنە دوو بەش: بەشێکیان کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکرات پێک دێنن کە قادر شەریف (هاشمی حەق تەلەب) و سەعید کاوە و حەسەنی ڕەستگار سەرۆکایەتی ئەکەن، لەگەڵ گروپی کۆمەڵەی ڕزگاری کە (سەلاحی موهتەدی و ئامۆزاکانی بەڕێوەی ئەبەن)، بەلام گروپەکەی سەلاحی موهتەدی هیچ کاریگەریان نابێ و تەنها ناوی سەر کاغەز ئەبن و دواتر زۆربەیان تەسلیمی ئێران ئەبنەوە بە سەلاحی موهتەدیشەوە.

لە ساڵی ١٩٦٤ بە هۆی هاتنی شەهید (سەدیقی ئەنجیری) بۆ باشوری کوردستان ئەوا کادیر و ئەندامە پەرشوبلاوەکانی حیزبی دیموکرات لە دەوری کۆ ئەبنەوە، پارتی هەڵ ئەسێت کە کۆنگرەیەک بۆ ئەحمەد تۆفیق بگرێ. لەو کۆبوونەوەدا بە فەرمانی ئەحمەد تۆفیق و پارتی ئەوا ڕێ ئەگرن لە (سمایلی شەریف زادە و مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و زۆر کادیری دیکە) کە بەشداری کۆنگرەکە بکەن.

هەروەها لەو کاتەدا شەڕ ڕوودەدا لە نێوان ئەو دوو گروپەدا و، لەلایەن ئەحمەد تۆفیق و حەسەنی برازایەوە چەندین جنێوی نەشیاو بە سمایلی شەریف زادە ئەدرێ و لە شەڕە تەقەدا سمایل و هاوڕێکانی لە کوشتن ڕزگاریان ئەبێت.

کۆنگرەکەی (پارتی - ئەحمەد تۆفیق) ئەبەسترێت، لەو کۆبوونەوەدا، ئەحمەد تۆفیق هێرشی توند ئەکاتە سەر پێشەوا قازی محەمەد و بە (ترسنۆک و حەیابەرە و کەروێشکەخەو و زۆر وشەی نەشیاوی کۆمەڵایەتی و... هتد) ناوی ئەبات و، عەبدولرەحمان قاسملوو بە ڕەحە کوێری خائین و خیانەتکار و، شەهید هاشمی حەق تەلەب (قادر شەریف) بە قالە شەلی دەرکراو و سەعید کاوەش بە سەعیدە کوێر ناودەبات. مەلا مستەفاش بە پێشەوای حەقیقی کورد دادەنێ و، وشەی پێشەوا لە (قازی محەمەد) لێ ئەکاتەوە!! چونکە بە بڕوای ئەحمەد تۆفیق ئەوا قازی محەمەد شیاوی وشەی (پێشەوا) نیە، بگرە پێشەوا تەنها (بارزانی مستەفا)یە!

لە بەرامبەر ئەم قسانەی ئەحمەد تۆفیق دا، شەهید سەدیقی ئەنجیری (سەدیقی ئەنجیری ئازەر) بە توندی وەلامی ئەحمەد تۆفیق ئەداتەوە و زۆری لەلا ناپەسەند ئەبێت، کە سەرکردەیەک ئاوها جنێو بە شەهید قازی محەمەد و قاسملووی بەرپرسی گشتیان و هەردوو سەرکردە هاشمی حەق تەلەب و سەعید کوێستانی بدات، ئیدی ئەحمەد تۆفیق و سەدیقی

ئەنجیری ئەبێتە ناکۆکیان، هەر لەوێدا ئەحمەد تۆفیق جنێوی نەشیاو و وشەی ناپەسەندی تر بە سەلاحی موهتەدی و زۆری تر ئەڵێت...

پاش ئەم ناکۆکییە، زۆرینەی سەرکردایەتی کۆنگرەکەی (پارتی - ئەحمەد تۆفیق) لە دەوری شەهیدی گومناو (سەدیقی ئەنجیری) کۆئەبنەوە و مۆری سەرکردایەتی لە لای شەهید سەدیقی ئەنجیری ئەبێ و، شەهید سەدیق ئەیەوێت کە حیزبی دیموکرات سەربەخۆ بکاتەوە.

شیاوی باسە، لە کۆنگرەدا ئەحمەد تۆفیق ناوی هەندێ کەس وەکو ئەندامی سەرکردایەتی ئەخوێنێتەوە، کە هیچیان ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆیان بە حیزبی دیموکرات نەزانیوە، وەکو هەژاری شاعیر و مستەفای برای ئەحمەد تۆفیق، کە مستەفای برای لەوکاتەدا لە تاراندا نیشتەجێ بووە و، تەمەنیشی هی ئەوە نەبووە کە تەنانەت بشکرێتە ئەندامێکی سادەش، ئیدی با ناو لێنانی وەکو ئەندامی کۆنگرەی بەڕێوەبەری بوەستێت.

دوای ئەوەی زۆرینەی ڕەهای سەرکردایەتی لە لای سەدیقی ئەنجیری و سلێمانی موعێنی کۆئەبنەوە، ئەوا ئەحمەد تۆفیق بە فەرمی واز ئەهێنێ و نامەی دەست لەکارکێشانەوە ئەنووسێت، ئیدی ئەحمەد تۆفیق لە بارەگای بارزانی ئەبێت.

ڕۆژێک مەلا مستەفا، ئەحمەد تۆفیق دەنێرێت بۆ بەغداد (نەریتی مەلا مستەفا وابووە هەرکەسی ناردبێ ئەوا کەسانی سیخوری بەسەرەوە داناوە نەوەکو خیانەت لە مەلا مستەفا بکات). لە جاری یەکەمدا مەلا مستەفا بۆی دەر ئەکەوێت کە ئەحمەد تۆفیق بە نهێنیی لەگەڵ دوو ئەفسەری عێراقی کۆبووەتەوە و، پاش گەڕانەوەشی بۆ لای مەلا مستەفا، ئەوا ئەحمەد تۆفیق هیچ لەم مەسەلەیە بە مەلا مستەفا ناڵێت.

پاشان مەلا مستەفا دیسانەوە ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغداد ئەنێرێتەوە، کەچی ئەحمەد تۆفیق ئەگیردرێت و، بە ماوەیەکی کورت ئازاد ئەبێت!!

کاتێک ئەحمەد تۆفیق دەگەڕێتەوە بەسەرهاتێک ئەگێڕێتەوە، ئیتر مەلا مستەفا هەموو شتێکی بۆ دەرئەکەوێ کە ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ئەویش دا ڕاست ناکات، هەروەکو لە شەوی ٤ - ١١ - ٢٠١٥ سەعات شەش تا نۆی شەو لە مالی مامۆستا مەلا رەسولی پێشنماز بووم لە دوکان و، بەڕێز حەسەنی رەستگار ئاوها ئەو بەسەرهاتەی گێڕایەوە و وتی: (ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەحمەد تۆفیق پیاوی سەرکردەیی نەبو و، لە ژیانیشی دا سکرتێری حیزبی دیموکرات نەبووە، بۆ مەسەلەی سجنەکەش، ئەحمەد تۆفیق هاتەوە بە مەلا مستەفای وت: وەلا بە ناو لولەی سوپای سجنی قەسری نیهایە لە دەست



سەرچاوە Serchawe

ئیستیخبارات رام کردووە )، کە ئەم گێڕانەوە بۆ ئەفسانەش نابێت! زۆرینەی سەرچاوەکانیش هەمان ئەم بەسەرهاتەی ماملأستا حەسەنی رەستگار باس دەکەن.

هەربۆیە مەلا مستەفا کاتێک بۆی ئەسەلمێت کە ئیستیخباراتی عێراق خۆیان ئەحمەد تۆفیقیان بەرداوە، ئیتر گومانی لێ ئەکا و، فەرمان ئەکات کە ئەحمەد تۆفیق بۆ گوندی کانی ماسی دوربخرێتەوە.

لەم نێوەندەدا، ئەحمەد تۆفیق بە ترسناکترین خیانەتی نەتەوەیی هەڵدەستێ، کە ئەویش ئەوەیە لەگەڵ حەسەنی برازایدا، شۆڕشگێڕی هەڵکەوتو و ڕوناکبیری دانسقە (سەدیقی ئەنجیری) ئەکوژن (چۆنیەتی شەهیدکردنەکەیم لایە، کە بۆ یەکەمجارە لە کتێبی: رامانێک لە تراژیدیای براکان، بەرگی دووەم، بە وردی نهێنییەکانی ئەم ڕووداوە بۆ مێژوو دەخەمەڕوو).

بە شەهیدکردنی سەدیقی ئەنجیری، ئیدی مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنیش کە هاوڕێی (هاوگیانی) ئەحمەد تۆفیق ئەبێت پاشەکشی لێ ئەکا و، ئەحمەد تۆفیق خۆی و حەسەنی برازای و خوشکەزایەکی بەدەوری دا ئەمێننەوە.

بۆیە ئەحمەد تۆفیق بڕیار ئەدات بچێتە بەغدا و لە ژێر دەسەلاتی بەعس دا بژی، بەتایبەت دوای ئەوەی کە لە گوندی کانی ماسیش لەگەڵ فەرماندەکانی پارتی دا ناگونجێ و، فەرماندەکانی پارتیش زۆر ئازاری دەرونی ئەدەن، هەربۆیە ئەحمەد تۆفیق خۆی تەسلیمی بەعس ئەکات.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەبدەم، کە حیزبی دیموکرات گەورەترین غەدریان لە شەهید (سەدیقی ئەنجیری ئازەر) کردووە کە بەقسەی نوسەرانی گەورەی فارسیش، سەدیقی ئەنجیری بێ - هاوتاترین ڕوناکبیری جیهانی خۆرهەلات بووە.

چونکە حیزبی دیموکرات تائێستاش تەنانەت ناوی هێژێکیان نەکردووە بە ناوی (شەهید سەدیقی ئەنجیری)یەوە، لە کاتێکا شەهید سەدیقی ئەنجیری زۆر لە (عەزیز یوسفی و سلێمانی موعێنی و سمایلی شەریف زادە و زۆر سەرکردەی تری دیموکرات) هەڵکەوتوتر و ڕوناکبیرتر بووە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەرگیز حیزبی دیموکرات هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیان نەداوە کە (حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق) بکوژنەوە. حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیقیش، پاش ئەم خیانەتە نەتەوەییە خۆی تەسلیمی ئێران دەکاتەوە و، ڕژێمی شا لە تاران شوێن و ڕێی باشی پێ ئەدات. هەروەها، ئامادەشم وەکو (ئەکادیمیستێک) لەگەڵ هەر سەرکردەیەکی دیموکرات

مشتومڕ بکەم کە: ئەوە سەدیقی ئەنجیری بووە کە یەکەم تیۆرسێنی جولانەوەی چەکداری ١٩٦٧ بۆ ١٩٦٨ بووە، نەک (سولەیمانی موعێنی یان سمایلی شەریف زادە)، چونکە سەرەتا ئایدیاکە هی شەهید سەدیقی ئەنجیری بووە (بەپێی بەڵگەکانی بەردەستم)، پاشان شەهیدان سلێمانی موعێنی و شەریف زادە) پشتیوانیان لە بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکەی شەهید سەدیقی ئەنجیری کردووە و، دوای ئەوەی سەدیقی ئەنجیری بە پلانی (ئەحمەد تۆفیق و حەسەنی برازای) شەهید ئەکرێت، ئەوا دواتر شەهیدان (سلێمانی موعێنی و سمایلی شەریف زادە و مەلا ئاوارە) بەردەوامی بە بیرۆکەکانی شەهید سدیقی ئەنجیری دەدەن.

پێموایە: شەهید سدیقی ئەنجیری بێ - کەسترین و غەدر لێکراوترین و ڕوناکبیرترین سەرکردەی شەهیدی حیزبی دیموکراتە.

هەقیەتی ئاماژەی پێ بدەم کە، پاش ئەوەی سلێمانی موعێنی بەدەستی پارتی شەهیدکرا و تەسلیمی ئێران کرایەوە، ئەوا لە نامەیەکی ئەحمەد تۆفیق دا کە لە (شەوی ٦ و ٧ی ١ی ١٩٦٩) کە بۆ مەلا ڕەسوڵی پێشنمازی ناردووە، ئەحمەد تۆفیق لەبارەی شەهیدکردنی سلێمانی موعێنی و جولانەوەی ١٩٦٧ بۆ ١٩٦٨ نووسیویەتی: (بەشێوەی بگرە و لێ نیشە خۆیان و هێندێ لاوی ساویلکەی هەڵخەڵەتاویان خستە ناو زنجاوی شەڕێکی خۆ تڕێن. جنونی قائیدی پاڵەوانبازی سلێمانی موعێنی سەرخۆش کردبوو - پارتی - خۆیان بیانکوژتبایە هەروەکو چۆن جەلالی و شەست و شەشان ئەکوژن باشتر بوو لەوەی تەسلیمیان بکەنەوە..!!)، شیاوی باسە کە نامەکە ماوە و بەردەستە.

جێی ئاماژەیە، پاش خۆتەسلیمکردنی ئەحمەد تۆفیق بە بەعس، ئەحمەد تۆفیق خۆی وا نیشان دەدا کە ئیش بۆ بەعس ئەکا و (بەپێ سەرچاوە مێژووییەکان) زانیاریشی پێ داون، بەڵام لە هەمان کاتدا زانیاریشی بۆ ئیدریس بارزانی ناردووە.

چونکە ئەوکات لەناو تەکەتولاتی ئەفسەرانی بەعس دا هەوڵی کودەتا هەبوو (وەکو کودەتا ناسەرکەوتووەکەی ئەفسەری باڵا نازم گوزار)، بەلام لە یەکێک لە جارەکان خوشکەزاکەی ئەحمەد تۆفیق بە دوو نامەوە دەگیردرێت، ئیتر بەعس ئەحمەد تۆفیق گرت و کوشتی (بە وردی هەموو ئەم زانیارییانەم لایە کە بەعس چۆن کوشتی، لە کام زیندان بووە!! ئەو کەسە فارسەشم دۆزیوەتەوە کە بەرامبەر ئەحمەد تۆفیق زیندانی کراوە و، تائێستا هیچ سەرچاوەیەک باسی نەکردووە و، چاوپێکەوتنیشم لە ڕێی فەیسبووک و ئیمەیلەوە لەگەڵ کردووە کە لە ئەورووپا ئەژی و، بۆیەکەمجار لە کتێبی: ڕامانێک لە تراژیدیای براکان، بەرگی دوو) بلاوی ئەکەمەوە.

لە ڕەفتارە جوانەکانی ئەحمەد تۆفیقیش، سەرەڕای کردەوە نەرێنییەکانی لە جنێودەری و پیاوکوژییەکەی و کوشتنی دۆست و هاورێکانی و کەسێک بووە کە هەرگیز سیقەی لەسەر نەبووە، تەنانەت غەدریشی لە مەلا مستەفاش کردووە، ئەوا: ئەحمەد تۆفیق زۆر گورج و گۆڵ بووە، زۆر خێرا بووە لە ڕۆیشتن دا و، هەتا بڵێی داوێنی پاک بووە.

**تێبینی: ناتوانم بۆ ئەم نووسینە ناوی سەرچاوەکان بنووسم، چونکە تا کتێبەکەم بەرگی دووەمی چاپ نەکرێت، نامەوێت ئەمەشم لێ ببەن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی وتاری کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# تێکۆشەری ڕۆژگارە سەختەکان کاک عەبدوڵای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق



**مەلا ڕەسووڵ پێشنماز**

**بەشی ١**

لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو کە دەستم کردوە بە نوسینی هێندێک بابەتی ڕابردوو، لە لایەن زۆر کەسانی لەسەر هەست کە تینوی ئازادی و سەربەستی وڵات و نیشتمانن وە بیری نەتەوەیی لەلایان زۆر پیرۆزو بەهێزە، و تاقیبی بۆچونەکانی سەرکردە وون و مێژوویەکان دەکەن بەتایبەتی شەهیدی سەرکردە و تێکۆشەری ڕۆژگارە سەختەکان کاک عەبدوڵای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق وە داوایان کردوە بەرچاوو ڕوونێکیان بدرێتێ لەسەر خەبات و تێکۆشان و شێوەی گیران و لەبەین چونەکەی. بەحوکمی ئەوەی کە ئێمە دەورانێکی دوورو درێژ وێکرا بوین و لە خەباتداتێکدا بوین ئەو چاوەڕوانیەشمان لێدەکرێ کە من زۆر بە ڕەوای دەبینم.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: سالار هەورامی، حەسەن ڕەستگار، ئەمیر قازی، ئەحمەد تۆفیق، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی و مەلا عەبدولا مەلا عوسمان. کانی ماسی ئۆکتۆبەری ١٩٦٨.

گوومـان دەوە دانیە کە کـاک ئەحمەد لەدوای کۆمـاری کوردوستـانەوە هەتـا سـاڵی ١٩٥٩ کە پەلامـاری دڕنـدانەو وەحشیـانە کـراوەتە سـەر ئەنـدامانی حیزبـی دێمـوکرات یەکێـک لە هەرە چـالاکو تێکۆشـەرانی ئەوکـاتی حیزب بـوە لە شـارەکان و لە دەرەوەی شارەکان. لەکاتی سەردەمی موسەدیق و هەلاتنی شادا یەکێک لەهەرە ئازاوو قارەمانەکانی ئەوکـاتی شـاری مەهابـاد بوو، بەتـایبەتی لە خۆپیشاندانی باغی میکایلی دا کە حوسێنی ڕەمەزانی تێدا شەهید کرا دەورێکی بەرچاوی هەبو.

دوای گیرانی بەکۆمەڵی شاروو گوندەکانی کوردوستان کاک ئەحمەد تۆفیـق و سـولێمانی موعینی و خەلیلی سەدیقی و یوسفی ڕیزوانـی و زۆری دیکە ڕوویـان کردە باشوری کوردوسـتان لە میحـوەری شـاری سلێمانی گریسـانەوە. لەو مێژووەرا هەتـا دوای کۆنگرەی دوو دوورخرانەوەی بۆ کانی ماسی قەزای شێخان لەلایەن بارزانیەوە ئەفەری یەکەمی حیزب بوە. هەرچی چـالاکی و تێکۆشـانی حیزبـی دێمـوکرات بـوە لەژێـر چـاودێری ئەوو کـاک سولێمانی مـوعێنی و چەنـد کەسێکی دیکە بـوە، هەرکـام لە ڕاکردوەکان لە ناوەوەی وڵات بۆ باشوری کوردوستان و ناو شۆرشی مەزنـی ئەیلـول بە ڕێنـوێنی و ئـاگاداری ئەوان بـوەو ڕەگەڵ وان کەوتوون.

جگە لە پێوەندیو ڕاگرتنی ناوو پێگەی حیزبی دێموکرات و زیندوو کردنەوەی شانە نوستوەکانی حیزب و پێکهێنانی کۆنگرەی دوو لە نـاوچەی سونێ، کـاک ئەحمەد و هەڤـاڵانی باشـترین خزمەتیـان بە بـارزانی و شۆڕشـەکەی دەکـرد هەر لە پیتـاک کۆکردنەوەو یارمەتی هێنان ڕا هەتا چونە بەرەکانی شەڕیش هەموو کارێکیان بۆ شۆرشی باشور ی کوردوستان دەکرد. لەلای بارزانی لەڕادەبەدەر ڕێزی لێ دەگیرا لە زۆر بواردا لە کوڕەکـانی بـارزانیش لەپێشتر بـوو. ئینسـانێکی زۆر ئـازاوو جەسورو ئەسرەوتە بـوو، قەت ئەیـدەزانی مانـدوبون چیە. لەبـاری مـاڵی و ئەخلاقـیەوە نمـونەی ئینسـانێکی شوڕشگێڕوو کـوڕی ڕۆژە

سەختەکان بوو. نەتەوە پەرستێکی ڕاست و ڕەوان بوو، هێندەی فرت و فێڵ و شتی نارەوا لە حیزبی تودەی ئێران دیبوو ڕقی لە هەموو چەپەکان دەبۆوە و هەر ئەو بۆچونەشی زۆر لەسەری گران کەوت.

بەرامبەر بە هەموو داگیرکەرێک و زاڵمێک و هەموو ئەو ئینسانانەی کە زوڵمیان لە ژێر دەستان دەکرد هەڵوێستی زۆر جوامێرانەو قاتیعانەی هەبوو. ئەگەر ئەو دەورانە بێ دەرەتان و پڕ لە نەهامەتیانە(مەبەستم ١٩٥٩ یە) هەتا ئەوکاتی کە دورخراوەتەوە بۆ قەزای شێخان کاک ئەحمەد هەڤاڵەکانی لە مەیداندا نەبان و ناوو تێکۆشانی حیزبیان ڕانەگرتبا بەچیرا زانیبامان ناوێک لەو حیزبە دەمێنێ، کێ و چ کەسانێک هەبوون ئەو ئاڵا هەڵگریە بکەن.دیارە کاک ئەحمەدیش وەک هەموو ئینانێک هەڵەو کەموو کوڕی بوە بۆ وێنە ئینسانێکی زۆر توندڕەو بوو لەژێر سایەو سێبەری بارزانیدا گوێیی بە تەنزیمات و تەشکیلات نەدەدا سەدی نەوەدی هەموو هێزوو گوڕوو تاقەتی خۆیو هەڤاڵانی بۆ خزمەتی بارزانی و شۆڕشەکەی تەرخان کردبوو، لەحاڵێکدا ئەوان نەک هەر لەبەرچاویان نەبوو بەڵکە زۆریشیان بێوەفایی و نامەردی لەگەڵ کردین.

تێبینی ئەم وێنەیە: هەر لەو سەروبەندەدا شەهید ئەحمەد تۆفیق نامەیکی دوو لاپەرەی هەر بەو پێشمەرگانەدا بۆ ناردم کە لەبەشی دوودا بڵاوی دەکەمەوە وە لە کتێبەکەشمدا هەر هەیە.

٥ - ٤ - ٢٠٢٠

------

## بەشی ٢

کاک ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٩٦٧ و ١٩٦٨ وەکو هەموی ئێمە کەوتە بەر غەزەبی بارزانی و سەرانی شۆڕش و بەخۆیو چوار پێشمەرگەوە ناردیان بۆ گوندی کانی ماسی قەزای شێخان مەڵبەندی برا ئێزیدیەکان. بەڵام لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی لەلایەن بەرپرسانی وەک حەسۆ میرخان و کاک عیسی سوارەوە لەوێ زۆری ڕێز لێ گیراو هیچ بێ حورمەتیکی پێ نەکرا.


بەڵام دوای ئەوەی برادەرانمان کەوتنە بەر گرتنو ڕاوو نان و بێ حورمەتی لەلایەن بەڕێوەبەرانی شۆڕشەوە کاک ئەحمەد شعوری برینداد بوو لە ئاخری ساڵی ١٩٦٩ نامەیکی بۆ هەمووی ئێمە نوسیبو داوای کردبو کە هەموی ئێمە خۆمان ڕادەستی ڕژێمی ئێراق بکەین، بەڵام ئێمە ئەو کارەمان نەکردو لە کۆبونەوەیکدا بڕیارماندا نامەیک بۆ بارزانی بنوسین و بڵێین کە کاک ئەحمەد داوایکی وای لە ئێمە کردوەو بەڵام ئێمە هەتا بستێک کوردوستانی ڕزگارکراو مابێ خۆمان ڕادەستی هیچ حکومەتێک ناکەین ئەگەر هەزار بەرابەر لەوەشمان خراپتر بەسەر بێنن. بەدوای ئەو نامەیەدا بارزانی بە بەرپرسانی

ڕاسپاردبوو کە زیاتر ڕێز لە ئێمە بگرن بەتایبەتی حەسۆ میرخانی ژاژاکیو و عەلی شەعبان کە ئێمە زیاتر لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ئەوان دابوین. لێرەدا پێویستە ئەمن ئاماژە بە هەڵوێستێکی زۆر گرینگ و بوێرانەی کاک ئەحمەد تۆفیق بکەم لە نامەیکدا بەرواری ۱ی ۷ لەسەر ۸ ی کە (مەبەستی شەوی حەوت لەسەر هەشتە) ۱۹٦۹ چەند پێش چوونی بۆ بەغدا بۆ من نوسیوە کە ئەوکات ماڵم لەشاری قەڵادزێ بوو نامەکە لە کتێبەکەشمدا هەیەو کاک حەسەنی قازیش ئەوە چەند جارێکە بۆ بیری نەتەوەیی بونی کاک ئەحمەد و هەڵوێستە ئازایەکانی ئیشارەی پێدەکا، لەوێدا زۆر سەرکۆنەی بەڕێوەبەرانی جوڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ دەکاو زۆریش هجومێکی توندو تیژ بەرانبەر بە بەڕێوەبەرانی شۆڕشی باشوری کوردوستان دەکا.

بەشی هەرە گرینگی ئەو یاداوەریە لەسەر شەهید کاک ئەحمەد تۆفیق لێرەوە دەست پێدەکا. بۆ نەهامەتی ئەو ئینسانە تێکۆشەرو کورد پەروەرە هەموی چوار مانگی بەسەر چونە بەغدادا تێنەپەری کە وەرچەرخانێکی مێژوویی بەسەر کوردوستان و ئێمەدا هاتە کایەوە ئەویش دەرچوونی بەیانی مێژوویی یازدەی ئازاری ۱۹۷۰ بوو کە سەرتاسەری ئێراق و کوردوستان بو بە شادی و خۆشی. کار گەیشتە جێگایک دەستێک لیباسی کوردی ژن و پیاوو پەنجا بەرابەر بۆوە هێندەی بنەماڵە عەرەبەکان بێنە شارەکانی کوردوستان و لیباسی کوردی دەبەرکەن و لە هەمو کوچەو کۆڵانەکانی شار پێیەوە هەڵپەڕن.

بەداخەوە کاک ئەحمەدیش لە زۆر بواردا یەگجار زۆر کەللە ڕەق و سەرەڕۆ بوو، دەنا هەم لە کۆنفرانسی ۳و هەمیش لە کۆنگرەی ۳ داوای لێکراو نوێنەرمان ناردە لای کە بێتەوەو هاوکاریمان بکا بەڵام نەزەری ئەوەبو دەیگوت هەتا دوکتور قاسملو محاکمە نەکرێ ئەمن هاوکاریتان ناکەموو دکتور قاسملوو کەریم حیسامی بە تودە دەزانی نەک بە ئەندامی حیزب. زۆر لە برادەرانیشمان وەک کادرو پێشمەرگە لەناو شۆڕش دا مابونەوەو بە دنەدانی بەشی پاراستن و حەمەی عەزە دۆم و زۆری دیکە شتێکیان بەناوی کومیتەی کاتی پێکەوەنابوو ڕاستەوخۆ دژایەتی ئێمەیان دەکردو پشتیوانیان لە کاک ئەحمەد تۆفیق دەکرد پاشان ئەوانە بونە کۆمەڵەی یەکسان.

کاک ئەحمەد لەژێر کاریگەری ئەوانەداو کار نەکردن لەگەڵ ئێمەو ئەو هەلومەرجەی کە هاتەگۆڕێ توشی سەر لێ شێواوی زۆر کاریگەر هات. لە ڕێگای کوڕێک بەناوی تەها کە زۆری باوەڕ پێیی هەبوو کەوتە پێوەندی لەگەڵ کاک مسعود بارزانی. چونکە ئەوکاتانەی کە لای بارزانی بوو وە ڕێزێکی زۆری هەبوو کاک مەسعودی لە هەموو کورەکانی بارزانی خۆشتر دەویست، دوای چەند نامە شتەکە ئاشکرا بوو کاک ئەحمەد و تاهیر لە زەمانی دەسەڵاتداری نازم گوزاردا گیران. ئەمن پێموایە تاهیر دەداو کەوت و کاک ئەحمەدی بەگرتن دا چونکە دوای شەهید بونی کاک ئەحمەد تاهیر لە مەهاباد سەری دەرهێنا و دوای گەرانەوەمان ئێمە چەند کەس لە بەرپرسانی حیزب لە ماڵی پێشەوا قازی محەممەد قسەمان لەو بارەوە لەگەڵ تاهیر کرد، وەک خزمەتکارو شتی وا خۆیی بە ماڵی پێشەوا هەڵواسیبو.


نامەی ئەحمەد تۆفیق [هەڵەبڕیی ڕێنووس نەکراوە]

کاک مەلا رەسول برای عەزیز
٩٦٩/١/٩
لەگەل
سلاوی برایانە احوالتان دەپرسم و هەروەها لە احوالی دایکت و مال و منداڵەکەت دەپرسم.
برای عەزیز نوسراوی چوار لاپەری ئیوەم بە دەست گەیشت.
بە بی تاریخ و بی ناو ئیمزا (نیشان) بەلام دیارە من لە خویندنەوەدا گیرم خست کە نوسراوی ئیوەیە.
بەلی برای دووربینم ئەمە لە ناو دلی من چەسپە و باوەرت پی دەکەم کە خاوەن غەرەز و بوغز و دوژمنی نی بەلکو هەستی برایەتی و محەبەتی پاکی کوردانەت هەیە ئەوەی کردیشت برام من تەنیا نەقلی دەکەم نەتتوانی دوور بیینی و من حملی سەر غەرەز و ..... ناکەم زوش هەر ئەوە بوو باوەرم و باوەر بکە ئیستا کە دەبینم و لە زاری خوتان دەبیسم کە بە تەواوی واز لە پاشە رۆیی ئەو مروڤانە دینن کە سەری خۆیان و زور عالەمی‌تریان بو مەبەستیکی منداڵانەی قائدبوون و جاەطلبی بە بی مطالعە بە بی مشورەت بە بی مەیدان بە بی توافقی نیزیکترین هەڤالی خۆیان و هیندی لاوی ساویلکەی هەلخەلەتاویان خستە ناو زنجاوی شەرریکی ــ خۆ تررین.
بەلی ئەوانە بوونە مایەی عەزابی ویژدانی و خوین خەرایی ئیمە بو ئەو حالەی کە وا ئیستا دەبینین وەک مەرری پەرروار دە دە و پول پول تەسلیم بە قەساپباشی هەتیوی قولیان دەکەنەوە.[128]
جنونی قائدی و پالەوانبازی فایقی بە جوریک سەرخۆش کردبوو کە هیچ نصیحەت و ری‌نوینی نە من و نە هەڤالانی‌تر هیچ فایدەی نەبوو.
هەروەکی هیچ محاولە و داوا و پارانەوەش ناتوانی بەریوەبەرانی شورش لەو کردەوە ناشیرینە واز پی‌لی‌بینی کە تەسلیمکردنەوەی کورد بە جەندرمەکانی شای نە معقولە و نە قانونە و نە عەرفە و نە ..... خوتان بیان کوژن هەروەک جاش، جەلالی و ٦٦شان دەکوژن ئەوانەش خۆیان بکوژن باشترە لە تەسلیمکردنەوە

[128] رەسوول پیشنەماز: مەبەست لە «هەتیوی قولی» محەممەد رەزا پەهلەوی‌یە.
263

---------

## بەشی ٣ و کۆتایی

نازم گزار بەرپرسی موخابەراتی عام بو لەوکاتدا لە کودەتایک کە بە پیلانی ئێران کردیان و سەر نەکەوتن پێش ڕاکردنی کاک ئەحمەدیان شەهید کرد. بەڵام بە قسەی تاهیر کە بۆ ئێمەی گێراوە کاک ئەحمەد هەتا ئاخر شەوی لە ژێرزەمینێکی مەرتوب و شێ داری ئەمنی عامدا تا نوزەی لەبەر هاتۆتە دەرێ هەر جنێوی بە بەعس داوە.

زۆر دەبیستمەوە تۆمەتی ناڕەوا دەخرێتە پاڵ بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکڕات بەتایبەت ڕەحمەتی کاک حەمەدەمینی سیڕاجی و شەهید دوکتور قاسملوو و ڕەحمەتی کاک کەریمی حیسامی بۆ لەبەین چونی کاک ئەحمەد تۆفیق. بەڵام ئەمن وەک شاهیدی زیندوو کە ئەندامی کومیتەی مەرکەزی دەفتەری سیاسی بوم هیچ بڕیاڕو قەرارێک لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە نەدراوە و نەگوتراوە بۆ ئەوەی ئەو برادەرە بکوژرێ یا لەبەین بچێ بە پێچەوانەوە کاک حەمەدەمین سیراجی کە بەرپرسی پێوەندیەکان بوو ڕۆژێک لە کۆبونەوەیکی ٦ کەسی خۆماندا لە بەغدا کە بریتی بوین لە:


**دوکتور قاسملوو.**

کەریم حیسامی.

مامۆستا هێمن.

مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە

و بۆخۆم کاک حەمەدەمین پێشنیاری کرد گوتی ئێوە دەزانن ئەمن لەگەڵ کاک ئەحمەد قەت خەتم یەک نەبوە بەڵام بە چاک یا بە خەراپ ماوەی دە دوازدە ساڵە سەرەی ئەو حیزبە ی بەدەستەوە بووە لێرە گیراوە با ئێمە داوا لە حکومەتی ئێراق بکەین بیدەنەوە بە خۆمان، بەدوای کاک مینەدا دوکتور قاسلموو گوتی کاک مینە بە چی را دیارە بەقسەی ئێمە ئازادی دەکەن، ئەوجا ئەگەر هات ئازادیان کرد کێ هەیە زەمانەتی ئەوەی بکا کە هەڵنایەتەوە بۆ کوردوستان لای بارزانی و ئێمە توشی کێشە ناکا لەگەڵ حکومەتی ئێراق، کاک کەریم حیسامیش عەینی بۆچونی هەبوو ئیتر نەمنوو نە کاک مینەو مەلا عەوڵاو مام هێمن درێژەمان پێنەدا و لەسەری نەرۆیشتین.



بۆ دەرکردنی لە حیزب لەسەر یەک برادەرانی ئەوکاتی کۆمیتەی ناوەندی هەمویان ڕازی بون. ئەمن لەگەڵ ئەوەی لەپێش رۆیشتنی بۆ بەغدا بە نامە ئاشت ببوینەوە بەڵام بۆیە رەئیم دا بەدەرکردنی چونکە دووجار مان نوێنەر ناردە لای کە بێتەوەو کارمان لەگەڵ بکا نەهاتەوەو لەسەر ئەوەی لێیی عاجزو دڵ گران بووم کە نەهاتەوە.

لە کۆنفرانسی ٢ دا کە لە بناری قەندیل لەبن ڕنوی قەڵاتوکان گرتمان لەوێش دوبارە کاک ئەحمەد بە ئەندامی سەرکردایەتی دیاری کراوەو نوێنەرمان نارد بۆلای بۆ گوندی کانی ماسی بەڵام بەداخەوە ئەویشی قەبوڵ نەکردو ئەو نامەشی هەر لەو سەفەرە لە وڵامێکی مندا بۆ ناردم کە لە بەشی ٢ی ئەو نوسینانە دا دامنابوو.

کاک فایەق(سولێمان موعێنی) و کاک ئەحمەد تۆفیق دوو هاوکارو هاو خەباتی شاروو گوندەکان بوون لە دوای کۆمارەوە. وە لە تێکۆشانی نهێنی و ئاشکرادا لە ناوخۆی وڵاتداو لە دەرەوە بەتایبەتی لە هەڵگریسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە لە باشوری کوردوستان ئەوکاتانە کە بەدەوری بارزانیەوە بوون تەواوکەری یەکتر بون و وەک نەفەری یەکەم و دوهەمی حیزب بون. بەڵام بەداخەوە بەدوای کۆنگرەی ٢ دا ئەوانیش درزیان کەوتە نێوانو لێک دابڕان و کە ئەوەیان بەسەرهات یەکیان بەدەستی دڕندەترین حکەمەتی سەردەم کە بەعسی ئێراق بوو لەبەین چوو، ئەوی تریان بەدەستی کوردو بە پیلانی ڕژیمی گۆڕکراوی شا شەهید کرا.

تەنیا کەسیش کە بوێرانە باسی ئەو غەدرەی کردبێ لە سی ساڵ بەر لە ئێستاوە تەنیا من بووم. یەکەم مقالەم لە گۆڤاری کۆماردا بڵاو کردەوە لە وەڵامی کابرایکی خۆفرۆش بە ناوی .ح . شاربازێڕی کە برای زێدە ئازیزم کاک ئەحمەدی لبادی و چەند کەسانێکی دی بڵاویان دەکردەوە ئەو گۆڤارە لە ستۆکۆڵم هیوادارم کاک ئەحمەد لە ئارشیوەکەیدا مابیەتی وە دووهەم مقالەم وڵامی ناراستیەکانی هەژاری موکریانی بوو لە سەر جوڵانەوەی ٦٧ و ٦٨ بەتایبەتی ئەو بوختان و درۆیانەی کە لەبارەی شەهید سولێمان موعێنی دا نوسیبونی لە چێشتی مجەوریدا کە ئەویش لە گۆڤاری گزینگدا لەلایەن نەمر کاک سولێمان چیرەوە دەردەکراو ماوە وەک ئارشیو.

چەند جاریش کە لەلایەن میدیاکانەوە وەک ڕووداوو مێژوو NRT، کوردوستان ٢٤، پەنجەمۆری ڕووداو ئەو باسانەم وروژاندون بەبێ ئەوەی یەک شتی ناراستم لێ زیاد کردبێ چونکە من نە قین و بوغزم لەسەر کەسەو نە دەمهەوێ شعوری کەس بریندار بکەم تەنیا مەبەستم ئەوەیە هەم نەسلی تازە ئەو مێژووە بزانن هەم لەلایەن حیزبەکان و ئەو کەسانەی کە ئەو کارە هەڵەیان کردوە شتی وا نارەوا تیکرار نەبێتەوەو دەرسی لێ وەربگیرێ.


بۆ ڕووت کردن و تەحویل درانەوەی دوو هاورێ و تێکۆشەرمان ئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانی لە لایەن یەکیەتی نیشتمانەوە لە ٢١ - ٩ - ١٩٧٧ کە درانەوە بە پاسگای بەردەپان ئەو ئیعلامیەی کە ئەوکات لەسەرمان نوسین لە کتێبەکەمدا هاتووە بڵاوم کردۆتەوە کە ئەوکاتە ئەندامی دەفتەری سیاسی بوم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## هەڵبژاردریەک لە نووسراوەی مەلا معەممەد خزری لە جووڵانەوە ٤٦ - ٤٧ لەسەر ئەحمەد تۆفیق




**لە نامیلکەی "بەهاری کوردەواری سوورو شینە لەدەوری تەرمی خوێنین کۆڕی شینە" وەرگیراوە.**

### – یەکەم هێرشی – پۆلیس بۆسەرکۆمیتەکانی حیزب لە مانگی سەرماوەزی ١٣٣٨دا.

لە مانگی سەرماوەزی ١٣٣٨دا، پۆلیسی ئیران ساواک، لە یەک شەودا، بە هێرشێکی سەرانسەری تواني، زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە کادرو ئەندامانی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەسگیرو دەسبەسەر بکات. ئەو کادرو ئەندامانەی کە بەهەر هۆیەک دەگیری پۆلیسی ئێران نەکەوتبوون، خۆیان دەرباز کردو ئاوای دیوی گەرمین بوون. وەک دەیانگوت: ئەوانیش لە ٢٠٠ کەس زۆرتر بوون. بەشی هەرە زۆری ئەو ئەندامانە، ڕوویان کردە شاری سلیمانی. ئەو سەردەمە لە عیراق ماوەیەک بوو کودیتای قاسم کرابوو، ڕەحمەتی مەلا مستەفاو بارزانییەکان لە سۆڤیەت گەڕابوونەوە، چالاکیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە عێڕاق، ئازاد بوو، کەش و هەوایەکی لەباری سیاسی، نیسبەت بە ڕابردوو لە عێڕاق بەدی هاتبوو. نەمر کاک ئەحمەد تۆفیق دوای کودیتای عبدالکریم قاسم، لە عێراق جێگیر ببوو، دەگەڵ مەلا مستەفا، و کاربەدەستانی حکومەتی عێراقو پارتی دێموکراتی کوردستان، پێوەندییەکی زۆر دۆستانەی هەبوو. پارتی دێموکراتی کوردستان، و خەڵکی نیشتیمانپەروەری سلێمانی، بە گەرمیو زۆر بە ڕێزەوە پێشوازییان لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردبوو. زیندوویاد، دوکتور

عبدالرحمان قاسملوش، لە دەست پۆلیسی ئیران لە تاران خۆی ڕزگار کرد بوو، گەیشتبووە بەغدا...

## یەکەم ناکۆکی کە بوو بە هۆی، دابڕانی ئەندامانی ح. د. ک

هاوکاریی نێوان کاک ئەحمەد تۆفیقو کاک ڕەحمانی قاسملوو، کە، هەر دووکیان کادرو ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون (ئەو دەم شەهید قاسملوو دوکتور نەبوو) زۆری درێژە نەکێشا. لە جیاتی ڕاگەیشتن بە وەزعی شپرزەی پەنابەرانی حیزبیو بیری چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئاوارەیی، ململانێو ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو دوو بەرپرسەی حیزب. کورتو کرمانجی، ئاویان بەجۆگەیەکدا نەدەڕۆیشت. ناکۆکیی ئەو دوو بەرپرسە، شوێنی لە سەر ئەندامانی حیزبی نیشتەجێ لە سلێمانیو عیراقیش دانا. بە کردەوە، ئەندامانی حیزب دابەش بوون بەسەر نەتەوەیی، و بیری بەرەی چەپ! ئەو ئاوارانە، هەموویان نەیانتوانی ئەو وەزعە دژوارە تەحەممول بکەن، دوای ماوەیەک بەشی زۆری ئەندامانی پەنابەر، هەر یەکەی بە هۆی واستەیەک، گەرانەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بۆ سەر ژیانو ماڵی خۆیان.

ئەوانەی هەستی نەتەوایەتییان بەهێزتر بوو، یان لایەنگری کوردایەتی بوون، دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق کەوتن. چەپەکانیش دیارە، بۆچوونو نەزەری کاک ڕەحمانی قاسملوو یان (عەبباسی ئەنوەری)یان بەلاوە پەسندتر بوو. ئیدی ئەو دوو بۆچوونو شێوە بیرکردنەوەیە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ناکۆکیو دژایەتییان زۆرترو بەتەوژمتر دەبوو! کێشەکەیان بەڕادەیەک توند دەبێ کە، حەکەمییەتو قەزاوەتەکەی دەبەنە، لای مەلا مستەفا. کاک ئەحمەد ئەو سەردەمە، لە کەسانی نزیکی مەلا مستەفا بوو. وەک دەیانگوت: زۆر خۆماڵییانە هاتوچۆی ماڵی مەلا مستەفای دەکردو بەربەستێکی لە پێش نەبوو...

شەوێک مەلا مستەفا، کاک رەحمانی قاسملو، کاک ئەحمەد تۆفیقو کاک کەریمی حیسامی بانگ دەکا بۆ ماڵی خۆیان بەڵکوو بتوانێ ئاشتیان کاتەوە... کاک کەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەکانی دا، لە مەر ئەو بەسەرهاتەی نووسیویە. ئەمن لەو بوارەوە لە کاک حەمەی حاجی سەعیدم پرسیار کرد، ئەویش ئەو دەم دەگەڵ دوکتور قاسملو بوو، لەو کۆڕەدا حوزووری بووە. شادڕەوان حەمەی حاجی سەعیدی، قسەکانی کاک کەریمی حیسامی بە هێندێک جیاوازییەوە تەئیید کرد. مەلا مستەفا هەوڵی دەگەڵ دابوون، بەڵام ئیختیلافەکەیان ئەوەند زۆر بووە، بە قسەی مەلا مستەفاش، چاری نەکراوەو ئاشت نەبوونەوەو یەکتریان تۆمەتبار کردوە...!

لە بیرم نەماوە، نازانم، کۆبوونەوەی ماڵی مەلا مستەفا لە بەغدا، پێش تیرۆری ئەسعەدی خودایاری بووە، یان دوای تیرۆری وی؟ بەهەر حاڵ، ئیدی بەرە بەرە، بەرەی چەپ گلۆڵەیان دەکەوێتە لێژی . کاک ڕەحمانی قاسملو (عەبباسی ئەنوری) ئەودەم کە لە دانێشگای بەغدا، دەرسی دەدا، دەرسەکانی لێ دەستێننەوەو مووچەکەی لێ دەبڕن. هەتا ئەو دەم



سەرچاوە Serchawe

وەک مام چووکەڵ دەیگوت: وەزعی لە عێراق، باش بووە، دەیگوت جاروبار چاودێریی ئێمەشی دەکرد...

ئەو کەسانە کە دەگەڵ کاک ڕەحمانی قاسملو هاوڕا بوون، وەک دەیانگوت: هەر یەکە بە بیانوویەک، کەوتنە بەرقینو تووڕەییو گوشارو بێڕێزیی کاک ئەحمەد تۆفیق! ئەو کادرە چەپانەی کەوا کەوتنە ژێر گوشارو بێڕێزیو تەنانەت پاڵپێوەنان و دەرکردنیان لە عێراق! دەتوانم ناوی کەسانی وەک: زیندوویادان: یووسفی ئەنوەری، یووسفی ریزوانی، هاشمی حوسێنزادە، هاشمی جەلالی، ڕەشیدخانی کێوەڕۆیی‌و قاسمی سوڵتانیان - کەماڵو... ئیدی ئەوانە هەر یەکە بە شێوەیەک لەلایەن کاک ئەحمەد تۆفیقەوە، مەیدانبەدەر کران. هێندێ کەس لەوانە، بەهۆی واستەی کەسوکاریان، دەگەڕێنەوە بۆ ئێرانو خۆیان بە ساواک دەناسێنن... لە نێو ئەوانەدا، ئەوەی ئەمن پێم شک دێ، تەنیا زیندوویاد، یوسفی ئەنوەرییە کە، خۆی بەساواک نە ناساند بوو، ئەویش لە تاران پۆلیس شوێنی هەڵدەگرێو دەسگیر دەکرێو حوکم دەدرێو زیاتر، یان کەم تر لە چوار ساڵ لە ئێران، زیندانی کێشا. لێرەدا، پێویستە بگوترێ تەنیا هەر چەپەکان نەبوون کەوتنە بەر رقو قینی کاک ئەحمەد تۆفیق، وەک دەیانگوت: مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی، مەلا ڕەحمانی سێوەتاڵی، مەلا جەمیلی مەردۆخ، عومەر سادق نگڵی، ئەوانە گشتیان کەسانی میللیو نەتەوەیی بوون، بەڵام دژی دیکتاتۆریی ناوبراو بوون. ئەوانەش هەر یەکەی بەشێوەیەک مەیدانبەدەر کران. کاک ئەحمەد لەسەر مەلا ئەبووبەکری فەلسەفیو عومەرسادق نگلی، بەیانی حیزبی دەرکردو وەک خایینی ناساندن...!

دواتر، کاک کەریم نووسیویە، زۆر جاریش بۆی باس کردووم: پولیسی عێراق **بە کاک ڕەحمانی قاسملوو** ڕادەگەیەنێ کە لە ماوەیەکی کورتدا دەبێ عیراق بەجێ بێڵێو... ئیدی ئەویش ویزای چیکوسلواکیی بۆ دێت، عیراق بەجێ دێلێ، دەڕوا بۆ چیک. ئەوە بۆ یەکەم جار، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لە دەستدانو تێرۆری کادرێکی حیزبی وەک شەهید ئەسعەدی خودایاری، و مەیدانبەدەر کردنی کادرەکانی وەک شەهید دوکتور قاسملوو، زیندوو یاد کاک کەریمی حیسامیو ئەوانی تر کە لە سەرەوە ناویان هاتوە بەو جۆرە، یەکەم دابڕانی خۆی تەجروبە دەکا. لێرەدا،جێگای خۆیەتی ئەوەش بلێین: ئەو دابڕانو دوو دەستەییە، لە زیندانی قەسری تارانیش، لەنێوان چەپەکانی سەر وەحیزبی توودەی ئێرانو نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات ڕەنگی دایەوەو تووشی دوو دەستەییو ناکۆکی هاتبوون، بەڵام شوێنەکەیان جیا بوو؟ ئێمە بەهۆی نەبوونی ئاگاداریی تەواو باسی دوو دەستەیی زیندانییەکان ناکەین!

## دووهەم دابڕان – کۆمیتەی ساخکەرەوە!

دەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، لە کوردستانی گەرمێن، کاک ئەحمەد تۆفیق، کاک سولەیمانی موعینی، قادر شەریفو مەلاباقیی ڕەحمەتیو مەلاسەید ڕەشیدی حوسێنی، هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە، وەک پێشمەرگەیەک وە بەندەنێ

کەوتن‌و هاوبەشی شۆڕش بوون‌و بەگوێرەی توانای خۆیان لە هیچ فیداکارییەک بۆشۆڕش، خۆیان نەبوارد. پێشمەرگەیەکی بە وەفاو یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ شۆڕشی کوردستانی گەرمێن. زیندوو یاد کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لە ڕۆژانی رووتی‌و بی دەرەتانیی شۆڕشدا، گەڕایەوە بۆ نێو خۆی وڵات. ناوبراو، توانی یارمەتییەکی باش لە ئەندام‌و لایەنگرانی حیزب، بۆ شۆڕشی کورد، کۆ کاتەوە. ئەندام‌و لایەنگرانی حیزب، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی لە دەستیان هات لەمەڕ یارمەتی‌دانی شۆڕشی کوردستانی گەرمێن، درێخییان نەکرد. وەک دەیانگوت: لە کاتێکدا، بارزانی وە بەندەنێ کەوتبوو، شۆڕش لە ناوچەی بادینان هەڵگیرسا بوو، بەڵام هێشتا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان، بەشی زۆریان هەر لە بەغدا مابوون. لەو کاتەدا، شۆڕشی کوردستان دەنگی بەهیچ کوێ ڕانەدەگەیشت، نە رادیۆیەک هەبوو، نە ڕۆژنامەیەک کە، دەنگی شۆڕش بە گوێی دنیای دەرەوە بگەیەنێ. ئەوەی بەگوێ دەگەیشت، هاڕەی فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی قاسم‌و گرمەی تۆپ و بۆمباو بۆمباران بوو گوێی خەلکی کوردستانی کەڕ کردبوو! تەنانەت هەواڵدەرێکیش نەبووە دەنگی شۆڕشی کورد، لە نزیکەوە، ببیسێ‌و دواتر خەڵکی دەرەوەی لێ تێگەیەنێ! ئا لەو کاتە بێ دەنگی‌و بێدەرەتانییەدا بوو، کاک ئەحمەد تۆفیق، بە پێی پیادە، رووی کردە وڵاتی لوبنان، بەهۆی کوردەکانی دانیشتووی لوبنان پێوەندیی بە ڕۆژنامە نووسی بەنیوبانگی ئەمریکایی"دانا ئادامز شمیدت"ەوە گرت‌و قەناعەتی پێ هێنا، بە قاچاخی دەگەڵ خۆی هێنایە کوردستان‌و بردی بۆ لای ڕێبەری شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی و... ئازایەتیی کاک ئەحمەد تۆفیق لە زمان ئەو ڕۆژنامە نووسە بزانە...!

بە پەرە ساندنی شۆڕش لە گەرمێن، لاوانی خاوەن هەست‌و شۆڕشگێری رۆژهەڵاتی کوردستانیش، بە پیر شۆڕشی کوردەوە هاتن‌و روویان کردە پێشمەرگایەتی. ساڵی ١٣٤١ چەند کەسێک لە لاوانی شۆڕشگێر، لە نێو ئەوانەدا، کاک سەلاحی موهتەدی، شادڕەوان کاک محەممەدی ئیلخانیزادە... وەک ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتنە نێو شۆڕش، دەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ئاشنا بوون. بەڵام دوای ماوەیەک، کاک سەلاح‌و کاک محەممەد، نەیانتوانی دەگەڵ کاک ئەحمەد درێژە بە هاوکاری بدەن، زۆری نەخایاند، دوای یەکەم وتووێژی شۆڕش‌و حکوومەتی بەعس لە ١٩٦٣ دا لە شاری کۆیە، کاک ئەحمەد تۆفیقیان، بەجێ هێشت، چوونە گوندی هێرۆی پشدەر، لە نزیک سنووری ئیران نیشتەجێ بوون، دواتر ڕێکخراوی کومەڵەی ڕزگاری‌یان دامەزراندو هاوکارو هاوڕێی خۆشیان هەبوو...

وابزانم لە بەهاری ١٣٤٢بوو؟ کاک مەلاحەسەنی رەستگارو کاک مەلا ڕەسووڵی پێشنەماز، کاک حوسێنی مەدەنی، دەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی شۆڕشگێری‌تری رۆژهەلاتی کوردستان، وەک ئەندامی حیزب، بەمەبەستی خەباتی ڕزگاریخوازی، رووویان کردبووە نێو شۆڕش، و دەگەڵ کاک ئەحمەدو کادرو ئەندامەکانی نشتەجێی گەرمین، لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە. ئەودەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان، جیا لە تاقمێک پێشمەرگەی ئازا، کە سەرپەلەکەیان شەهیدی لە دڵدازیندوو مینەشەم بوو، سێ بنکەی دیکەشیان هەبوو کە بریتی بوون لە بنکەی باڵەکایەتی لە زینوێ شێخی، بنکەی سوونێ، لە نزیک سنووری

سەردەشت و بنکەیەکیش لە سەنگەسەر، لە نزیک بارەگای سەرۆک بارزانی. دوای ماوەیەک کە ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە، دەبینن کاک ئەحمەد تۆفیق، ئامادە نیە هەستو ویستی ئەوان بە هێند بگرێو حیسابێکی شیاویان بۆ بکا، بەرە بەرە ناکۆکیان دەکەوێتە نێوان... ئەو کۆمەڵە لاوە کاتێ دەبینن لە زۆرینە دان، بەشی هەرە زۆری کادرو پێشمەرگەکانیان دەگەڵدانو هاوڕایانن، تووشی هەڵویست گرتن دەبن، دروست یان نادروست ئەوە لێرەدا، باسی ئێمە نیە! لەو دەمەدا ئەو برادەرانە لە قەڵادزە، چەند کەسێک دەنێرن بۆ بنکەی سوونێ. کە لەوێ نیشتەجێ بن؟ لە بنکەی سوونێ دەگەڵ برازاکەی کاک ئەحمەد تۆفیق، بە ناوی سەید حەسەن، لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ، دواتر هەستی لایەتی بە سەریاندا زاڵ دەبێ، تووشی دەرگیریی فیزیکی دەبن...! لێرەدا چۆنایەتیی ئەو کێشە جێگای باسی ئیمە نیە!... دوای ئەو رووداوە، ئەو جەماعەتە دەگەڕینەوە لای هاوڕێکانیان لە قەڵادزە... ئەوجارە ناوچەی قەڵادزە بەجێ دێڵنو بەرەو باڵەکایەتی بۆ بنکەی زینوێ شێخی دەگەڕێنەوە...

**وەک دەڵێن:** کاک ئەحمەد تۆفیق، کاتێ لەو بەسەرهاتە و چوونی ئەو جەماعەتە بۆ بنکەی سوونێو کێشەی تێکهەڵچوونی فیزیکییان دەگەڵ حەسەنی برازای، ئاگادار دەبێ، ئەوەی بەبێ حورمەتی دەقەبلێنێ سەبارەت بەخۆی... دەچێتە لای مەلا مستەفاو بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە (بێشک داوا لە بارزانی دەکا سزایان بدا...) سەرۆک بارزانی لە سەر داوای کاک ئەحمەد تۆفیق، بەهۆی بەرقییەیەک کە، بۆ گەڵالەی لێ دەدا، دەستوور بە زەکی ئاکرەیی دەدا، بچێتە سەر بنکەی زینوێ شێخیو ئەو پێشمەرگانەی لە بنکەی زینوێن چەکیان بکات!

بەگەیشتنی بەرقییەکەی سەرۆک بارزانی، لە شەوێکدا، زەکی ئاکرەیی، دەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی بارزانی دەچێتە سەریان... کاتێ کادرو پێشمەرگەکان، دەگەڵ زەکی ڕوو بەڕوو دەبنەوە، تەسلیمی فەرمانو دەستووری بارزانی دەبن. دوای ئەو بەسەرهاتە، کادرو پێشمەرگە لاوە چەککراوەکان، دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزە، و دواتر شەهید قادر شەریف، مەلا حەسەنی رەستگار، حوسینی مەدەنی، سەعید کویستانیو... گشتیان دەچنە سەنگەسەر، لای سەرۆک بارزانی. لە دەست کاک ئەحمەد، شکایەت دەکەن کە ناوبراو، هیچ حیسابێکی سیاسیی شیاو بۆ ئەوان ناکا! داوا لە سەرۆک بارزانی دەکەن، ڕێگایان پێ بدا، لە ژێر چاودیری خۆیدا، بەشێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژاردنێک بکەن... بارزانی ئەوەیان لێ قبووڵ ناکا. کە دەبینن سەرۆک بارزانی، کۆنفرانسو هەڵبژاردنیان لێ قبووڵ ناکا؛ دەڵێن: با سەرۆک بارزانی کەسێکی دیکەیان بۆ دیاری بکا وەک بەرپرس. جگە لە ئەحمەد تۆفیق، هەرکەس بێ ئەوان پێی ڕازی دەبن... وەک دەیانگوت: مەبەستیان مامۆستا هەژار دەبێ! گوایە سەرۆک بارزانی زۆریان هەوڵ دگەڵ دەداو دەڵێ: دەگەڵ ئەحمەد پێک وەرنەوە، بەڵام دیسان هەر قسەی پێشووی خۆیان دووپات دەکەنەوە، و بارزانییش زۆر بە ڕاشکاوی پێیان دەڵێ: ئەمن ئەحمەد بە ئێوە نادەمو... ئیدی دوایی بارزانی بەجێ دێڵنو دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزێ. بەڵام کاک سەعید کویستانی کە دەیەوێ دەردی دڵی خۆی بە بارزانی بڵێ، بە بارزانی دەڵێ مامۆستا! ڕەحمەتی مەلا مستەفاش بە وشەی مامۆستا قەڵس دەبوو. دەڵێ ئەمن پێم ناخۆشە پێم بڵێن مامۆستا! سەعید دەخەجلێ دیسان دەڵێ بەڵێ مامۆستا؟ ئیدی سەعید دووپاتەو سێپاتەی دەکاتەوە... بارازنییش وەک زیندانیو دەسبەسەر دەیگێڕێتەوە، چونکە سێ جاری پێ گوتوە مامۆستا...؟ دواتر ئازادی دەکاو دەچێتەوە لای هاوڕێکانی...



سەرچاوە Serchawe

ئەوە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ی زایینییە، ماوەیەکە بارزانی کەوتۆتە وتوویژ دەگەڵ حکوومەتی عبدالسلام عارف لە عێڕاق. نێوانی بارزانیو مەکتەبی سیاسی مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال، لەو پەڕی ناخۆشیدایە. ئیدی ئەو جەماعەتە کاتێ لە بارزانی هیوابڕ دەبن، ڕوو دەکەنە مەکتەبی سیاسیی پارتی، وابزانم ئەوەدەم لە گوندی مالوومە جێگیر دەبنو مەکتەبی سیاسی لە دژی بارزانی و ئەحمەد تۆفیق، بەباشی یارمەتییان دەدا... ئەو جەماعەتە، بە وتەی خۆیان: دووکەسیتر بەڕێبەرایەتیی خۆیان زیاد دەکەن بە ناوی مەلا ئەبووبەکری فەلسەفیو مەلا حەسەن ڕەستگار. ئیتر لەوێ کۆمیتەی ساخکەرەوە دەمەزرد دەکەنەوەو دایدەمەزرێنن... ئیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە، بۆ دووهەم جار، دابڕانێکی دیکە تەجروبە دەکا...!

دامەزرانی کۆمیتەی ساخکەرەوە، هاوکات بوو دەگەڵ شەڕی نێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسیی پارتی. هێندەی مەودا نەبوو، مەکتەبی سیاسی، کەوتە بەر هێرشی پێشمەرگەکانی بارزانی. لەو شەڕەدا، مەکتەبی سیاسی تێشکاو ئاوای ئەو دیوی سنوور بوو، خۆیان ڕادەستی حکوومەتی ئێران کرد. کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ساخکەرەوش ناچار بوون شوێنی خۆیان بەجێ بێلنو ئاوای دیوی رۆژهەڵاتی کوردستان بنەوە. بەو نیازە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست بکەن بە خەباتی سیاسیو دامەزراندنی تەشکیلات. ئیتر دوای ماوەیەک، بە هەر نێوێک، لە دیوی رۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی قەیرانو لێکدابران هاتن... ناچار هەموویان گەڕانەوە نێو شۆڕش، بارزانی سزای نەدانو هیچی پێ نەگوتن. چوون لە شاری ڕانیە نیشتەجێ بوون. سەرۆک بارزانی، مەلا عەوڵای بارزانیی کردە بەرپرسیان کە، کرێ خانوو و بژیو و خەرجی پێداویستیی ژیانیان بۆ دابین بکات... لە سەرجەم کۆمیتەی ساخکەرەوە تەنیا ٣ کەسیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانەوە کە،

بریتی بوون لە؛

١- شەهید مەلا ئاوارە

٢- کاک سەعید کوێستانی

٣- شەهید قادرشەریف.

ئەو سێ کەسە وێرای ئەوەی لە ناوچەی بانەو سەردەشتو... خەریکی کاری سیاسیو تەشکیلاتی بوون، گوندی ورچەکیان کردبوو بەناوەندی خۆیان زۆرتر لەو گوندە دەمانەوە. هەتا دوای کۆنگرەی 2ی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو نێوە بوون...! دواتر باسیان دەکەینەوە.

**هێرشێکی دیکەی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٣.**

سەرەتای بەهاری ١٣٤٣، پۆلیسی ئێران، ساواک، هێرشێکی پانو بەرینی کردە سەر ئەنداموو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. جەماعەتێکی زۆر دەسبەسەر کرانو ڕاگوێزران بۆ تاران. جەماعەتێکی زۆریش کە دەگیر پۆلیس نەکەوتبوون، ئاوای دیوی گەرمێن بوون. لە بنکەکانی حیزب، وەک: سوونێ، سەنگەرسەر، جێگیر ببوون. ئیدی ئەو جەماعەتە زۆرە، ببوو بە بارێکی گران، بەتایبەت بۆ خودی کاک ئەحمەد تۆفیق کە، خۆی بە بەرپرسی یەکەمی ئەوودەمی حیزب دەزانی. دەبوو، بەجۆرێک بیانحاوێنێتەوەو پێویستییەکانیان بەلانیکەمەوە دابین بکا. لە ڕاستیدا، جگە لە کاک ئەحمەدو کاک سولەیمانی موعینی، کەسی تریش نەبوو کە، وەڵامدەری پێداویستیی ئەو هەموو میوانە بێ! هەرچەند سەرۆک بارزانی بە گوێرەی دەسەڵاتی مادیی خۆی، لەو سەردەمەدا، یارمەتی دەدان. بەڵام دیسان، گرێ پووچکەیەک بوو کە، کردنەوەی هەروا هاسان نەبوو. کاک ئەحمەد، هانی زۆر کەسانیدا بۆ گەڕانەوە بۆ ئیران گوایە حکوومەت هیچیان پێ ناڵێ! بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی ژنو منداڵ بوونو تەمەنیان دەنێوەوە چوو بوو. بەشی هەرە زۆریان گەرانەوە. تەنیا چەند کەسێک مانەوە، ئەوانیش، کاک ئەحمەد تۆفیق، بە حیساب گێڕابوونیەوە...

جێگای وەبیرهینانەوەیە: لەنێو پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا چەندکەس خوێندکاری حیزبی هەبوون کە روویان کردبووە نێو شۆڕشی کوردستانی گەرمین. ئەوانە لەپێشدا هاتبوونە سەنگەسەرو ماوەیەک لە بنکەی حیزب مانەوە. دوایی لە سەنگەسەر چوونە قەڵادزە لەوێ ماڵیان گرت. لەڕاستیدا بنکەی پێشمەرگەکان، بۆ ئەوان شوێنێکی شیاوو ئاسایی نەبوو، لە بواری بیرو بۆچوونیش دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، مەودایان لێک نزێک نەبوو. لەنێو ئەو کەسانەدا، دەتوانم کاک حەمەدەمینی سیراجی، شەهید سمایلی شەریفزادە، کاک سالاری حەیدەری ناو بەرم. ئەوانە، دوایی دەگەڵ خێڵی ناڕازییانو ئۆپۆزیسیۆن کەوتن. دواتر بەنیازی خوێندنو چوونەئورووپا سەفەری بەغدایان کرد کە دواتر لە جێی خۆیدا باسیان دەکەین...

لە ئاخری بەهاری ١٩٦٤، (١٣٤٣)ی هەتاوی بەو لاوە، هاتوچۆی کاک ئەحمەد تۆفیق، بۆ لای مەلا مستەفا، ڕەواڵی پێشووی خۆی لەدەست دابوو. کاک ئەحمەد لە سەفەرێکدا کە بۆ بەغدای کرد، بوو بەدەنگۆ: ئەحمەد تۆفیق، لە لایەن پۆلیسی ئەمنییەتی بەغداوە، دەسگیر کراوە؟ دوای ماوەیەک کاک ئەحمەد گەڕایەوە. گوتی: لە زیندانی (امن عام) بەلاباجەی حەمامدا، هاتۆتە دەرو ڕای کردووە...! کەسانیش هەبوون دەیانگوت: ئەحمەد تۆفیق، پێوەندیی بە پۆلیسی عێراقەوە گرتوە، بارزانی پێی زانیوەتەوەو زۆری لێ قەڵسە...؟ ئیتر لەوە بەدواوە، کاک ئەحمەد وەک ڕابردوو، هاتوچۆی لای مەلا مستەفای، نەما. بەڵام بارزانی خۆی ڕاستەوخۆ، دەگەڵ حکوومەتی ئێران پێوەندیی بەر قەرار کردبوو، وەک دەیانگوت:

ئێرانییەکان، دەوری مەلا مستەفایان تەنیبوو...!

پێڕاگەیشتن بەو خەڵکە، لە باری سیاسیو ئابوورییەوەو سەروبەر کردنیان کارێکی هاسان نەبوو. کاک ئەحمەد تەجروبەی دابڕانو قەیرانەکانی ڕابردووشی لەبەرچاو بوو! ئیتر بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لەبواری بژیوی ژیانیان لەلایەکو زۆر گیرو گرفتی سیاسی ناوخۆییش هەبوون کە هێشتا بە چارەسەرنەکراوی مابوونەوە... ڕۆیشتنی کەسایەتیی وەک: دوکتور ڕەحمانی قاسملوو، ئەو کۆمەڵە کادرەی حیزبی کە پێشتر لەبارەیاندا، دواین. سێبەری هەڵوێستی سیاسیی ئەوانەی بۆ داهاتووی خۆی،

لەبەرچاو بوو و بە گرفتی دەزانین! هەروەها گرفتی نەبوونی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حیزبیش ببوو بە جێگای موناقەشەو باسی زۆربەی ئەندامە وریاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان...

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا چیدی بە زەبروزەنگ بەڕێوە نەدەچوو! ئەو جار، ئیدارە کردنی حیزبێکی سیاسی لە توانای کەسێکو چەند کەسدا نەبوو. حیزب پێویستیی بە ڕاهێنانی کادرو پێوەندیکردن بە کۆمەڵانی هەراوی کۆمەڵگاوە هەبوو. کاک ئەحمەد هەرچەند هەتا ئەودەم خۆی، لە سیستمی حیزبێکی دێموکراتی گەشەکردوودا، تەجروبە نەکردبوو؛ بەڵام بە خوێندنەوەو سەفەر بۆ وڵاتانی دەرەوە، لە شێوەی ڕێبەرایەتیی ئەو جۆرە حیزبانە، ئەوەندەش بێ ئاگا نەبوو!

بەو ئاکامە گەیشتبوو، کە ئەو قەیرانو گرفتانە، بەگرتنی کۆنگرەیەکی حیزبی چارەسەر بکات، و دژبەرەکانی خۆی، وەک تاوانبارو خایین بناسێنێو کۆنگرەش بۆی تەئیید بکات، و ڕێبەرایەتییەکیش کە، دەگەڵ مەیل و مەرامی خۆی تەبا بێتەوە هەڵبژێرێ...!

لە کۆبوونەوەیەکی بەهاری ئەو ساڵەدا(١٣٤٣)هەتاوی، دەگەڵ چەند کەس لە کادرەکانی جێگای متمانەی خۆی، لە سەنگەسەر کۆبوونەوە، بەشێوەیەکی نهێنی بڕیاریان دا کە لەو ساڵەدا، کۆنگرەی ٢ بگیرێ. ئەو کادرانەی لەو کۆبوونەوەیەدا هاوبەش بوون، بریتی بوون لە کاک سولەیمانی موعینی، کاک نەحۆی پاشایی، مەلا قادر لاچینی، مەلا سمایلی فەقێیەسی، سەید تاهیری ئیمامی، عەبدوڵڵای موعینی، عەبدوڵڵای مەلا عوسمانی، مرادڕەسوڵی لەیلانی، ڕەئووف مەلا حەسەن، مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنیو مەلا کەریمی ساردەکۆسانی، و چەند کەسی دیکە... ناوی هەموویانم لە بیر نەماوە. ئیدی بە کۆبوونەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، بڕیاری گرتنی کۆنگرە درا بوو.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە ئاخری مانگی ڕەزبەری ئەو ساڵەدا، کاک سولەیمانی موعینی،

دەگەڵ چەند کەس لە کادرو پێشمەرگەکان بەرەو ناوچەکانی سەردەشتو موکریان گەڕایەوە نێوخۆی وڵات. هەروەها دەستەیەک کادرو پێشمەرگە بەرەو ناوچەکانی شنۆ، لاجان، سندووسو شاروێران، ڕۆیشتن. شەهید کاک نحۆی پاشاییو مەلاسمایلی فەقێیەسی، بەرەو ناوچەکانی سەڵماسو ماکۆ... ئەوانە گشتیان بۆ لێگێڕانەوەی نوێنەرانی کۆنگرەی حیزب، گەڕابوونەوە ناوچە جۆربە جۆرەکان...

کۆمیتەی تەداروکاتی کۆنگرە، کاتو ڕۆژی گرتنی کۆنگرەی ٢ ی بۆ مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتاوی، دیاری کردبوو. کاک ئەحمەد، چادرو پارەی هەزینەی کۆنگرەی لە مەلا مستەفا وەرگرتبوو. ئەو دەم مەلا مستەفا، هەر چەند خۆی زۆری بڕوا بە حیزبو شتی وا نەبوو، بەڵام لە باری سیاسی‌یەوە هێشتا پێویستیی بە هێزی دژی مەکتەبی سیاسیی کۆنی مامۆستا برایم ئەحمەد، هەبوو. کاک ئەحمەدیش بۆ ئەو کارە بۆ دەرکردنی ئیعلامیەو بەیاننامە دژی مەکتەبی سیاسیی کۆن، سەری پێوە نەبوو! (یەکەم خاڵی بڕیارەکانی کۆنگرەی ٢ بە خایین‌ناسینی دەفتەری سیاسی‌و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو.)

## کۆنگرەی دوو

لە ئاخر مانگی پاییزی ١٣٤٣دا، لە بەرزایی‌یەکی داوێنی چیای مامەندە، دوور لە ئاوایی سوونێ، چادر بۆ میوانداری لە میوانەکانی کۆنگرەی ٢ هەڵدرابوون. ئیدی هەتا ڕۆژی بیستو یەکی مانگی سەرماوەز، هەموو نوێنەرانی کۆنگرە گەیشتبوونە سوونێ. دوو کەس بەهۆی کرێوەو سەرما، نەیان‌توانیبوو هاوبەشیی کۆنگرە بکەن. ئەوانەش کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورەو مام حەبیب قەرەگوێزی (وەرزێر) بوون. بەهۆی بەفرو کرێوە، نەیان‌توانیبوو، نێوان کونەمشکێو دۆڵەتوێ - دەشتی وەزنێ ببڕن! ئیدی، لە ڕۆژی ٢١ی مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣دا، بە تەقەی ٢١ گوللەی ڕەشاشی "کەریم ڕەشاش"، بە دەستووری کاک ئەحمەد تۆفیق، چیاو بەندەنەکانی کوردستان دەنگیان دایەوە، بە وتەی شەهید کاک سولەیمانی موعینی: "ئەوە پەیامێک بوو بۆ قوڵی" (بۆ حەمەڕەزاشاو دامودەزگاکەی) کە، ئەوە تەقەی گوللەی ڕێبوارانی ڕێبازی قازی محەممەدی نەمرە!...

جگە لە ڕۆژو شەوێک، کۆنگرە نەیتوانی لەو بەندەنە درێژە بەکارەکانی خۆی بدا. بە هۆی کرێوەو باسریشک، ناچار بووین بگەڕێینەوە بۆ مزگەوتی سوونێ. کۆنگرە چوار، یان پێنج ڕۆژی خایاند. زۆرترین کاتی کۆنگرە، بۆ باسەکانی کاک ئەحمەد تۆفیق، بە نێوی "ڕاپۆرتی سکرتێری ح. د. ک بۆ کۆنگرەی٢" تەرخان کرابوو. کۆنگرەی ٢، بێ‌هەڵوێستترینو بێ ڕەخنەترین کۆنگرەی حیزب بووە، لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. نوێنەرانی کۆنگرە زۆرتر لە کەسانی نەخوێندەوارو کەم‌خوێندەواری، پێکهاتبوون. تەنانەت لە بواری کادری ڕێبەرییشدا، زۆر لاوازو کەم‌توانا بوو. جگە لە کاک ئەحمەدو کاک سولەیمانی موعینی، لە کەسایەتییە خاوەن نەزەرەکان تەنیا، سەدیقی ئەنجیری حوزووری هەبوو! ئەوانی تر زۆربەیان، یان



سەرچاوە Serchawe

لە زینداندا بوون، یان ئامادە نەبوون هاوبەشیی کۆنگرە بکەن! نە هاوکاریی هەڵبژێردراوانی کۆنگرەی ٢، دوایش هەرگیز، بەکردەوە، لە هیچ شوێنێک نەرەنگدانەوەی هەبوو نە خێریان بۆ حیزب دایەوە!

کاک ئەحمەد تۆفیق، لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی ٢، ڕیبەرایەتیی کابینەی حکوومەتی کۆماری کوردستانی دایە بەر تەشەرو بەبێ کیفایەتی نێو بردن، تەنانەت نرخی پێشمەرگەیەکی بارزانییشی پێ ڕەوا نەدیتن؟ ئەو کەسانەی بەیاننامەی ڕاپۆرتی گونگرەی ٢ یان چاو پێ کەوتبێ و خوێندبێتیانەوە، و لە بیریان مابێ؟ ئەوەی باش دەزانن! جگە لەوانەش لە کۆنگرەدا، زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر هێندێ لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک: زیندوویادان، کاک عەزیزی یوسفی، شەهید عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو غەنی بلووریان، کەریمی خامچی، جەلیلی گادانی، یووسفی ئەنوەری، یووسفی ریزوانی، هاشمی حوسێنزادە، هاشمی جەلالی، هاشمی ئەقەللوتتوللاب. سەعید کویستانی،و زۆرێک لەوانەی کە جیابیری بوون. هێندێک کەسی لەو کادرانە، بەلادەرو خایین ناو بردن‌و ئیعلامیەی لەسەر دەرکردن...!

کاک ئەحمەدتۆفیق، زۆر سوور بوو لەسەر دەرکردنی، ڕەحمانی قاسملوو (عەبباسی ئەنوەری) و ئەسعەدی خودایاری. دەیویست وەک خاین‌و هاوکاری ساواکیان بناسێنێ‌و کۆنگرە دەنگ بەدەرکردنیان بدا. دیارە بەداخەوە، ئەو داوایەشی بەجێ گەیشت، بەشی زۆری نوێنەرانی کۆنگرە، رەئیی پێویستیان بە دەرکردنی ئەو دوو کادرە دا. زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە، بەلایانەوە گوناح بوو دڵی کاک ئەحمەد بشکێ؟

لەسەر کەسانی وەک: کاک غەنی بلووریان، کاک عەزیزی یوسفی، هێندێ کەس وەجواب هاتن. ئەوانە لەو کەسانە بوون کە، پێشتر لە زیندانی قەسردا دەگەڵیان ژیابوون، وەک: کاک سەدیقی ئەنجیری، مامۆستا مەلاکەریمی ساردەکۆسانی، مەلا ئەفەندی،و... ئەوانە بوونە بەرهەڵست، کاک ئەحمەدیش پاشەکشەی کرد. دواتر بە پێچەوانەی مەیل‌و ویستی کاک ئەحمەد، نەمر کاک عەزیزی یوسفی‌و کاک غەنی بلووریان، بوون بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی دەگەڵ دوکتورعەلیی مەولەوی، ئەو سێ کەسە، بەئەندامی ئیفتیخاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران!

جیا لەوانە، لە سەر ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوەش وەک: مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی، قادرشەریف، سەعید کوێستانی، زۆر مکوڕ، بوو کە، دەبێ کۆنگرە بەخایینیان بناسێ. هەروەها لەسەر کاک سەلاحی موهتەدی‌و عومەر سادق نگلییش، هێرشەکەی نەرمتر نەبوو!

دواتر لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بڵاو کرایەوە کە، بریتی بوون لە ١٥ کەس هەر پازدەش رەئیان هێنایەوەو بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. چونکە هەر ئەو پازدە کەسە دەستنیشان کرابوون، رکەبەریان نەبوو، یەک دەنگیشیان

هێنابایەوە هەر دەبوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟ (پێویستە ئەوەش بگوترێ کە نوێنەرانی کۆنگرە، ئەوەندە گوناح بوون هیچیان لە سیاسەت نەدەزانی، یان لە ترسی کاک ئەحمەد، نەیان دەویرا قسە بکەن!)

## ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەو جۆرە بوو:

١- سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق).

٢- سولەیمانی موعینی (فایق ئەمین).

٣-. مەلا ڕەحیمی وردی ( میرزائەحمەد).

٤- نحۆپاشایی (باپیر).

٥- مەلاسەید ڕەشیدی حوسێنی.

٦- سەدیقی ئەنجیری ئازەر، لە کوێ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەو شەش کەسەی دوایی بوون کە، دەبوو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵسووڕێنن؟

٧- کاک صارم‌الدین صادق وزیری.

٨- سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات).

٩- ڕەحیمی جەوانمەردی قازی.

١٠- دوکتور عەلی مەولەوی.

١١- حەبیب قەرەگویزی - وەرزیر.

١٢- عەزیزی یووسفی

١٣- غەنیی بلووریان

١٤- ئەمیری قازی

١٥- مامۆستا هەژاری موکریانی!

(کاتێک بە مامۆستا هەژاریان گوتبوو، بۆ ک. ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوی گوتبووی: خۆ ئەمن کوردی ئێران نیم!). ئیدی جگە لەو شەش کەسەی لە سەرەوە ناویان براوە، کەس بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی وەرنەگرت! لەوانەیە لە سەر ناوی کاک ئەمیری قازی پرسیار بێتە گۆڕێ؟

کۆنگرەی ٢ لە پەنجاوسێ، یان پەنجاو چوار نوێنەر پێکهاتبوو. ناوی نوێنەرانی کۆنگرەی ٢ لە کتێبێ -"لاپەڕەیەک لە تیکۆشانە..." نووسراون.

کاک ئەمیری قازی، باسی تایبەتیی خۆی هەیە! ناوبراو لە هاوینی ١٣٤٣دا، لە ڕێگای بەغداوە، کاک ئەحمەد تۆفیق، ناردبووی بۆ دەرەوەی وڵات لەوێ بخوێنێ، بەرپرسی حیزبی دێموکراتیش بێ. لە کۆنگرەدا، بە نوێنەرانی کۆنگرەی ناساندو زۆریشی تاریف کرد! ناوبراو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوای کۆنگرە، بەهار هات. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو دەم لە گوندی دێڵۆ بوون کە، هەواڵی گەڕانەوەی کاک ئەمیر هات؟ ئەو دەم نووسەری ئەم دێڕانە، لە گوندی شێنێ کێشکچیی بەندیخانەی شۆڕشی کوردستان بوو.

کاک ئەمیر، لە ڕێگای ئێرانەوە گەڕابۆوە! کاک ئەحمەد تۆفیق، دەیگوت: ئەمن ئەتۆم ناردبوو بۆ ئورووپا، لەوێ بخوێنیو بەرپرسی حیزبیش بی. ئێستا کە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی، بە ئیرانیشدا هاتوویەوە، دەبێ ڕاپۆرتی گەڕانەوەی خۆت بنووسی...! کاک ئەمیریش دەیگوت: ئەمن نە خۆم بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردووە نە ڕاپۆرتیش بۆ ئێوە دەنووسم!... بە داوای لێبوردن لە خوێنەر نامەوێ لەوە زۆرتر لێرەدا، لە سەر کاک ئەمیر، بنووسم!

ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی کە پاشملە کۆنگرە دەنگی پێ دابوون، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان چاویان بە ئەندامو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکەوت. جگە لە زیندوو یاد، سەید کامیلی ئیمامی، پیاو هەق بڵێ ئەو، مرۆڤە هەست ناسک و نازەنینو شەریفە، ماڵەکەی لە قاقڵاوا بوو، زۆر جار پێشمەرگەکان دەچوونە زیارەتی. مرۆڤ هەق بێژێ، سۆزێکی لە ڕادە بەدەری بۆ نەتەوەکەی و پێشمەرگەکانی ح د ک هەبوو، ڕووحی شاد بێ!

لە کۆنگرەی ٢ دا، جگە لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، ئۆرگانێکی دیکەش بە ناوی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز، هەڵبژێردرا کە، ئەندامەکانی ١١ کەس بوون. ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێرییش هەروەک کۆمیتەی ناوەندی کەسێک لە خۆیان زیاتر نەبوو کە بیێتە رکەبەریان؟ دەنگی خۆیان بەس بوو، بۆ ئەندامی ئەو کۆمیتەیە!

### ئەوانەش ناوەکانیان بەو جۆرەیە کە لە خوارەوە نووسراون!

١- شەهیدی جوانەمەرگ، عەبدوڵڵای موعینی.

٢-خوالێخۆشبوو، کاک ڕەئووف مەلاحەسەن.

٣-خوالێخۆشبوو، ڕەشیدی فەللاحی (ڕەشەی قاچاخچی).

٤-خوالێخۆشبوو مەلا قادری لاچینی.

٥- زیندوویاد مەلا کەریمی ساردەکۆسانی.

٦- خوالێخۆشبوو، سەید تاهیری ئیمامی.



سەرچاوە Serchawe

٧- شەهید سەید ڕەسوڵی دێهقان (بابی گەورە)

٨- گۆڕغەریبی خوالێخۆشبوو، مامۆستا مەلا نەجمەددینی کەوکەبی‌شاد

٩- مستەفای ئیسحاقی (قولە)

١٠- خوالێخۆشبوو دوکتور عەبدوڵڵای مەولەوی.

١١- زیندوو یاد، مەلا سەید حاجی کەڵەوێ.

## سێ کەس، لە ئەندامانی ک. چاوەدێریی بەرز وەک:

١- کاک مستەفای ئیسحاقی.

٢- زیندوویاد دوکتور عەبدوڵڵای مەولەوی.

٣- مامۆستا، مەلا نەجمەددینی کەوکەبی‌شاد، ئەوانە لە نێوخۆی وڵات بوون.

زیندوو یادی گۆرغەریب، مامۆستا مەلا نەجمەددین، نوێنەری کۆنگرە بوو، هەروەها ئەندامێکی چالاکی حیزب بوو. ساڵی ١٣٤٧ لەلایەن ساواکەوە دەسبەسەر کرا، دوای شکەنجەیەکی زۆر، حوکمی ئەبەدیان بەسەردا سەپاندو هەتا رووخانی حکوومەتی شا، لەزینداندا بوو. دوای ئازادبوونیشی لە زیندان، دیسان وەک کەسایەتی‌یەکی خاوەن هەستو بڕوا سەبارەت بەمافی ڕەوای نەتەوەکەی، کۆڵی نەدا، وازی لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەهێنا. ئەوجارە، کەوتە بەر هێرشو هەرەشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ناچار بوو زیدی خۆی بەجێ بێڵێ، دەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، وەبەندەنێ کەوێ. و دوا جار پەڕیوەی هەنداران بێ. ناوبراو، بە پیریی دوور لە نیشتیمانی خۆی لە وڵاتی نۆرویژ سەری نایەوەو گۆڕغەریب بوو. ئاواتی رزگاریی نیشتمان و نەتەوەکەی بردە ژێر گڵ، یادی ئەو گەورەمرۆڤەی لە دڵدا زیندووە، هەر بەرزو بەڕێز بێ!

دوای هەڵبژاردنی ئەو دوو کۆمیتەیە، هەیئەتێک، بە نێوی هەیئەتی لێبووردنو لێگێرانەوە (حوسنی نییەت)، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەرانی کۆنگرەی ٢ دیاری کرا کە، لە ئەندامانی کۆمیتەی ساختکەرەوە بگێڕێتەوە، بگەڕێنەوە بۆ نێو ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوە ئیبتیکاری کاک سەدیقی ئەنجیری بوو، نوێنەرانی کۆنگرەش بە زۆرینەی ٧٠٪ ڕەئی‌یان پێدا... ئیدی ئەوە، لە قەباحەتەکانی ڕۆژگاری ژیانی کاک ئەحمەد تۆفیق بوو! ناوبراوو مەلا سەید ڕەشید، بە جیددی لە بەرامبەر ئەو نەزەرەدا ڕاوەستابوون... تەنانەت کاک ئەحمەد ئەوەی بە پێچەوانەی یاسای حیزب دەزانیو هەتا سنووری تاوانی نێو برد!...

لە ئەندامانی چاوەدێری، تەنیا کاک ڕەئووف مەلاحەسەن، دەگەڵ بۆچوونو نەزەری کاک ئەحمەد تەبایی هەبوو. ئەوانی



سەرچاوە Serchawe

دیکە لایەنگری ئاشتیو گەڕانەوەی کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوون. بەشی زۆریشیان بۆ هەیئەتەکەو لێگێڕانەوەیان هەڵبژێردرابوون. جگە لە کاک ڕەشەی فەللاحیو مەلا سەید حاجی و عەبدوڵڵای موعینی ناوی ئەوانی دیکەم بە دروستی لە بیر نەماوە!

کاک ئەحمەد زۆر بەجیددی دژی بڕیاری گەڕانەوەی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوو، بە هیچ جۆر ئامادە نەبوو بچێتە ژێرباری گەڕانەوەی ئەو جەماعەتە! ناوبراو مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی، قادر شەریف، سەعید کویستانی وەک خایین بەحیزبو سەرۆک بارزانی، ناو بردبوون، بەڵام هێشتا نەخرابوونە دەنگدانەوەو پێویستیی بە زۆرینەی دەنگ هەبوو! لە مەر مەلا ئاوارە، دەیگوت: "مەلا ئەحمەدی شەڵماشی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە، ئەو ئەندامی پارتییە ئەویش دەگەڵ جەماعەتی خایینی برایم ئەحمەد، دەرکراوی سەرۆک بارزانییە...!
ئیتر لێرەوە گەرای ناکۆکیو بناخەی دابڕانێکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوای کۆنگرەی ٢ شکڵ دەگرێ. کۆمیتەی ساخکەرەوە، لەوانە کاک مەلاحەسەنی ڕەستگار، کاک مەلاڕەسووڵی پێشنەماز، کادرەکانی وەک شەهید سەید فەتاحی نیزامی، شەهید خەلیل شەوباش، خوالێخۆشبوو، قادری قازی (مامەند) دوو پێشمەرگەشیان دەگەڵ مابوون بە ناوەکانی قادرو شەریف، هەموویان گەڕانەوە بۆ بنکەی سوونێ کە ئەو دەم بنکەی سەرەکیی حیزب بوو...

دوای کۆنگرەی ٢، ک. ناوەندیی حیزب کۆبوونەوەکانی خۆی لە گوندی دێڵۆی نزیک قەڵادزێ دەگرت، هەر لەو گوندەش دەمانەوە. لە سەرەتای بەهارەوە هەتا مانگی پووشپەڕی ١٣٤٤، لەو گوندە چەند کۆبوونەوەیان کرد، بەڵام نەگەیشتنە ڕێکەوتنێکی تەباو ڕەبا؛ ناکۆکییەکانیان دەگەڵ کاک ئەحمەد، تۆفیق، قووڵترو توندتر دەبوو. مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی، کە وەزعەکەی بەو جۆرە دی کۆبوونەوەی بەجێ هێشت، هاتەوە گوندی سوونێ. دواتر چووە لای پێشمەرگەکانی گوندی سیدەڵان کە لەژێر فەرماندەیی حەسۆ میرخاندا بوون. دوای ئەوە کە، مەلا سەید ڕەشید کۆبوونەی "دێلۆ"ی بەجێ هێشت، سەر بەخۆ بوو، هەر شوێنێک خۆی حەزی لێبا لەوێ دەماوە، جیگای ڕێزی پێشمەرگەکانیش بوو. لە ئاکامدا، ک. ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی٢، لە سەر ٤ کەس ساخ ببۆوە کە هەرچواریان هەتا ماڵئاوایی لە ژیانو کوردو کوردستان، بەتەبایی مانەوە رووحیان شاد. ئەو چوار کەسەش بریتی بوون لە، کاک سەدیقی ئەنجیری، کاک سولەیمانی موعینی، مامۆستا مەلا ڕەحیمی ویردی، کاک نحۆی پاشایی!

لێرەدا پێویستە بگوترێ کاک ئەحمەد تۆفیقو مەلا سەید ڕەشید هاودەنگو هاورەئی بوون. بەڵام موخالەفەتی کاک ئەمیر لە بواری سیاسی دەگەڵ هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوو!
کۆبوونەوەکانی گوندی"دێڵۆ" بە ناڕەزایەتی کاک ئەحمەد تۆفیق، دوایی بە کارەکانی خۆی هێنا. ئاسایی بوو کە، کادرو ئەندامەکانی دەرەوەی ڕێبەرایەتی، بە شێوەیەک ئاگادار بکرێنەوە!

کاک ئەحمەد بە ئیستیعفانامە دەست لەکار کێشانەوەی خۆی، بە نووسراو، بەهەموو بنکەو بەرپرسو پێشمەرگەکانی حیزبی ڕاگەیاند! کاک ئەحمەد تۆفیق، بۆ هەر بنکەیەک ئیستیعفانامەیەکی نارد. ئیستیعفانامەکانی بەهۆی نووسەری ئەو چەند دێرانە، بۆ بنکەکان، ناردبوو! ئەو بنکانەی کە ئیستیعفانامەکەی بۆ ناردن، بریتی بوون لە، پێنجوێن، شێنێ، سوونێ، باڵەکایەتی - سیدەڵان - سیدەکان. ئیستیعفانامەو دەستلەکارکێشانەوەی خۆی، لە بەرپرسایەتیی حیزبی، بۆ مەلا مستەفاش نارد. ئیدی بەکێدا ناردی ؟ ئەو کاناڵی پێوەندیی دەگەڵ مەلا مستەفا هەبوو....

کۆمیتەی ناوەندی، ئیستیعفانامەو دەست لە کار کێشانەوەکەی کاک ئەحمەد تۆفیقی قبووڵ نەکرد، پێیان گوتبوو، هەتا کۆنگرەی داهاتوو، ئەتۆ نابێ دەست لە کار بکێشییەوە! ناوبراو، کاتێ زانی ئیستیعفانامەکەی قبووڵ ناکەن، ئەو جارە، داوای سێ مانگ ئیجازەی وچانی کرد. ئەو داوایەیان لێ قبووڵ کرد.

مانگی پووشپەری ١٣٤٤بوو، کاک ئەحمەد بەبیانووی وچان، خۆی ئامادە کرد بچێتە قەندیل. چەند پێشمەرگەیەکی وەک برازاکەی خۆی حەسەن، خوارزاکانی غەفور، یەکی دیکەش وا بزانم خۆی بە کاروخ ناساند بوو؟ دەگەڵ محەممەد حەرەسو سمایل بایز، چادرو پێداویستیی خۆیان لە هێستر بار کردو ڕۆیشتن بەرەو قەندیل.

ئەوە یەکەمین سەفەری بێگەڕانەوەی کاک ئەحمەد تۆفیق بوو کە، هەرگیز نەگەڕایەوە لای هاوڕێکانیو تەنانەت قسەیەکی دۆستانەشی دەگەڵ نەکردن جگە لەو یەک، دوو جارەی کە، لە باڵەکایەتی دەگەڵ سەدیق چاویان پێک کەوتبوو، یان بە هەڵکەوت تووشی یەکتر هاتبوون، بەداخەوە، ئەویش بە قسەبەشەڕدانو هەڕەشەی کاک ئەحمەد کۆتایی هاتبوو!

کاک ئەحمەد هەر بە گەیشتنەقەندیل پێوەندیی توندو تۆڵی خۆی دەگەڵ ئەندامانی دەشتی لاجانو پیرانان، بەرقەرار کرد. بە دوای مامۆستا مەلاسەید ڕەشیدیدا نارد بێتە لای. هەر وەها بە دوای کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورەش دا دەنێرێ بێت بۆ قەندیل... دواتر بەدوای چەند کەسێکیش لە دیوی ئێران دا دەنێرێ کە، بێن بۆ گوندی شێخان، و لەوێ کلاسی کادریان بۆپێک دێنێ! بەلام بەداخەوە ئەو کەسانەی لە ئێرانەوە هاتبوون کە گەڕانەوە بۆ دیوی ئێران، دوای ماوەیەک لەلایەن ساواکەوە دەسگیر کران، و هەر یەکەی چەند ساڵێک لە زیندانی شای ئێراندا مانەوە!...

ئیتر دابڕانێکی بێ ڕاگەیاندنو ئیعلامیەی حیزبی، بە بیانووی وچان، بەکردەوە هاتە دی! کاک ئەحمەد تۆفیق، راشکاوانە،(دژی هاوڕێکانی پروپاگەندەی دەکردو تەپڵی دژایەتیو تۆمەتی بۆ لێدەدان!)، ناوبراو ئەمجارەش بەشێوەی پێشووی، دەستی کرد بە چالاکی. بەداخەوە دواتر هاوڕێکانی هەر یەکەی بە نێوێک تاوانبار کرد.. !؟

کاک ئەحمەد تۆفیق، کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی هەبوو کە لە ناوچەی باڵەک لای مەلا ئەمینی بارزانی لە دۆڵی ئاکۆیان لە جەبهەی رواندزێ، جێگیری کردبوون. ژمارەیان دەگەیشتە ١٢ کەس یان زۆرتر نازانم؟ بەڵام کادرە هەڵسوڕاوەکانی تەشکیلاتی ناوبراو، بریتی بوون:

١- مام سوارە سەکر، لە پیرانشار.

٢- عەوڵای مەلاعوسمانی.

٣- مرادرەسوڵی عەلی لەیلانی.

٤- مەلاسەید ڕەحمانی دێلزێ

کە، دواتر لە بنکەی شێخان ئەما چوو بۆ چاپخانەی شۆرش، لای مامۆستا هەژار، دەگەڵ چەند برادەرێکی عارەبو کورد هەتا نسکۆی شۆرش، لە چاپخانەی کاری کرد. عەوڵای مام سەعیدیو مام حەسەن حەوتەوانەش کە دوو ئەندامی هەڵسووڕاوی تەمەن دەنێوەچووی حیزبی بوونو جیگای رێزو حورمەتی هەموو کادرو پێشمەرگەکان بوون، بە تایبەت مام عەوڵا کەسایەتی‌یەکی بە جورئەتو قسەلەڕوو بوو، جێگای تایبەتی خۆی هەبوو یادی بەخێر، ئەوانەش لە بنکەی شێخان دەمانەوە. دەبێ ئەوەش بگوترێ، لە ناوچە قەڵادزێش، جەماعەتێکی دیکەی پێشمەرگە هەبوون کە، کاک ئەحمەد، لەلای حەسۆ میرخان، حاواندبوونیەوە، بنکەیان لە گوندی سیدەلانی مەنگوڕایەتی بوو. بەڵام پێشمەرگەکانی سیدەڵان، هەموویان دەگەڵ بۆچوونو کرداری ئەحمەد هاوڕا نەبوون، بەشی هەرە زۆریان دەگەڵ زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی کەوتنو تەنانەت، دەگەڵ جووڵانەوەی بەرگریی ساڵی ٤٦ - ٤٧ی کادرو پێشمەرگەکان کەوتن. ئەگەر دەرفەت هەبێ، زۆرترو ڕوونتر لە بارەیان دەدوێم.

بەو بەسەرهاتو ڕووداوانەی لەوە پێش باسیان لێوە کرا، بێ ڕاگەیاندنو بڕیاری کۆنفرانسو پلینۆم، حیزبی دێموکراتی کوردستان، ببوو بە دووبەشی جیاوازی دژ بەیەک: کاک ئەحمەدو مەلا سەید ڕەشید، لە شیخان، و چوار کەسەکەی دیکەی هەر یەکەی لەو شوێنە کە بۆیان دیاری کرابوو، خەریکی کاری سیاسیو ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزبی بوون. بەکردەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان ببوو بە دوو قۆڵ، جا چ نێوێکیان لێدەنێن خۆتان سەرپشکن! ئەگەر ماوە هەبێ زۆرتریان لە بارەوە دەدوێین...

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٥ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



photo: archiv pamětníka وێنە: مینا قاسملوو 1950



photo: archiv pamětníka وێنە: مینا قاسملوو 1950

**ئەم دوو وێنەیە لە ویبلاگی بەڕێز حەسەن قازی وەرگێراون**



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران  بۆ ئامادەکردنی  وتارو لێدوانەکانی  ئەم نامیلکەیە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe